گـۆڤـاری زانـكۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/vvnf4w47
ڕێـكەوتـی وەرگـرتـن: 12/08/2025
ڕێكەوتی پەسەندكردن 05/10/2025
ڕێكەوتی بلاوكردنەوە: 20/06/2026

# فەلسەفەی پەروەردە لە هزری فەلسەفی نوێدا، جۆن لۆک بە نمونە

**کیوان محمد عبدالله[1] بتول رضا عباس[2]**
kewanmuhamad1987@gmail.com[1] - dr.batool2010@uor.edu.krd[2]
[1+2]بەشی فەلسەفە و گەشەپێدان، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی كوردستان، عێراق.

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر تیۆری پەروەردە و مێژوی پەروەردە لەسەردەمی نوێدا، کە ئامانجی فەلسەفەی نوێ نوێنەرایەتیکردنی گۆڕانکارییە لە مۆدێلی تەقلیدی مامۆستا سەنتەری و ناوەڕۆکەوە بەرەو ڕێبازی گونجاوتر و نەرم و نیان، کە پەروەردە وەک ئامادەکاری بۆ هاووڵاتیبون، گونجانی پیشەیی و بەدیهێنانی کەسی لە سەدەی بیست و یەکەمدا سەیر دەکەن، فەلسەفەی نوێ جەخت لەسەر ڕێبازی گشتگیر و فراوان دەکاتەوە، فێرخوازان بۆ جیهانێک ئامادەدەکەن بە خێرایی دەگۆڕێت و لە گۆڕانکاری بەردەوام دایە. بەتایبەت لە تێڕوانینی جۆن لۆک، دامەزرێنەری ئەزمونگەرایی و قوتابخانەی پەروەردەی سروشتی، لە ڕێگەی شیکردنەوەی بیروڕا سەرەکییەکانی لۆک، سەرنج دەخرێتە سەر پەیوەندی نێوان پەروەردەی منداڵ لەگەڵ چەمکەکانی چاکە و فەزیلەت و ئازادی و ئاین و سیاسەت. بەهۆی ئەزمونی فەلسەفی و پەروەردەییەکەیەوە، بەشداری لە هزری پەروەردەیی کردوە. لۆک باسی چوار جۆر پەروەردەی کردوە، بریتین لە پەروەردەی جەستەیی، پەروەردەی عەقڵی، پەروەردەی ئاکاری و پەروەردەی ئامادەکاری (ڕاهێنان). پایە و بناغەی پەروەردەیی دامەزراند، هەروەها چەمکی جەوهەری فەلسەفەی پەروەردەیی بە زیادکردنی توخمێکی گرنگ سەبارەت بە سروشتی فێرخواز خستەڕوکە بریتییە لە "لاپەڕەی سپی"، کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی عەقڵی مرۆڤ ڕاستەوخۆ دوای لە دایکبون بە تەواوی خاڵییە لە هیچ بیرۆکەیەک یان یادەوەرییەکی زگماکی، بەڵکو بیرۆکە و ئەزمونەکان وردەوردە لە ڕێگەی ئەو ژینگەیەی منداڵ تێیدا گەورە دەبێت، یان ئەو بنەمایانەی لە ڕێگەی کۆمەڵگاوە فێری دەبێت وەدەستیدێنێت، لۆک پێیوایە منداڵ لەڕێگەی پەروەردەوە دەتوانرێت بۆ هەر بابەتێک پێویست بێت ڕابهێندرێت کە پەروەردەکردنی جەستەیی و ئاکاری و هزری دەگرێتەوە، بابەتەکانی پەروەردە و پەیوەندی لەگەڵ چاکە و فەزیلەت و گەیشتن بە کاملی ئامانجی پەروەردەی لۆکە لە منداڵدا. ئەو فەزیلەتەی لۆک باسی دەکات لە ڕێگەی پەروەردەکردنێکی چڕو پڕی جەستەی وهزریەوە بەدەستدێت.

**وشە کلیلەکان:** جۆن لۆک، پەروەردە، هزر، ئەقڵ، فەلسەفەی نوێ، فەلسەفەی پەروەردە.

# The philosophy of education from the perspective of modern philosophy; for instance, John Locke

**Kewan Muhammed Abdulla[1] - D. Batool Radha Abas[2]**

[1+2]Department of Philosophy and Development, College of humanities, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq

**ABSTRACT:**

This research focuses on the theory of education in modern times especially in John Locke’s perspective, the founder of empiricism and the school of natural education, through analysing Locke’s main thoughts. It focuses on the relation between child’s education and concepts of goodness, virtue, freedom, religion and politics. Due to his experience in philosophy and education, he participated in development of educational thoughts. Locke has talked about four types of education; which are Virtue Education, Wisdom Education (Wisdom), Breeding Education and Learning Education (Learning). He has put a major emphasize on the physical education and gave it an important place in his education system. He has earned a big pride in developing the concept of educational philosophy during the century he lived in.

He has established the pillars and foundation of education, provided a clear path for mentors and teachers in educating children. He also added another important element to the concept of the core educational philosophy on the nature of the student which is the “Blank Slates” (Tabula Rasa), which refers to the idea that human mind right after birth is totally void of any ideas or innate memories, rather ideas and experiences are obtained from the environment in which the child is growing in, or through those principles that the society is providing. Locke believes children can be prepared for any specific field through education, which involves physical, behavioural and mind education. The aim of Locke’s education in children is the subjects of education in relation to goodness, virtue and reaching completeness. The virtue Locke is talking about is earned through intensive physical and mental education.

**Key words:** John Locke, Education, Mind, Wisdom, The New Philosophy and Philosophy of Education.

## پێشەکی

پرسی خوێندنەوەی ڕیالیزمی پەروەردەیی لە ڕوی شـــیکردنەوە و ڕەخنەگرتنەوە، چ لە ڕوی ئامانجی پەروەردەیی یان پراکتیکەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ پێکهاتەی گشـــتی کۆمەڵگادا بگونجێت، گرنگییەکی زۆری هەیە. شـــیکردنەوەی وردی

مێژوی فەلسەفە ڕاستییەکی گرنگ ئاشکرا دەکات، ئەویش ئەوەیە فەلسەفە جەوهەری پەروەردەیە، بیرکردنەوەی فەلسەفییش وەک تێڕامانێکی هزری هەمەلایەنە ئامانجی تێگەیشتن و لێکدانەوەیە لە ڕاستی، هەروەک چۆن هەوڵی گۆڕینی دەدات بە ئامانجی بەرزکردنەوەی سروشتی مرۆڤ. ئەمەش تەنها بە دیدێکی پەروەردەیی جددی دەکرێت. پەیڕەوکەری قۆناغی مێژوی بیری فەلسەفی لە سەردەمی یۆنانەوە تا فەلسەفەی هاوچەرخ، تێپەڕین بە قوتابخانە جۆراوجۆرەکان و ئەو ڕەوتانەی کە بەدوایدا هات، فەلسەفەی مۆدێرن بەتایبەتی تیشکی خستە سەر ناسینەوەی بیرۆکە پەروەردەییەکان لەگەڵ بارودۆخی هزری و سیاسی و زانستی بەتایبەتی، هەروەها توێژینەوەی پەروەردەیی بە یەکێک لە گرنگترین پرۆژە شارستانی و کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێت، بە لەبەرچاوگرتنی پەروەردە وەک یەکێک لەو هۆکارانەی هزرینە لە جەوهەری سروشتی مرۆڤ، و زۆرێک لە قوتابخانە فەلسەفییەکان بە درێژایی مێژو دەرکەوتون. هەر مەزهەبێک دیدگای پەروەردەیی خۆی هەبو. لە نێو ئەم قۆناغەی بیرکردنەوەدا ڕیالیزمی هەستیاری هەیە، کە دیارترین لە نوێنەرەکانی فەیلەسوفی ئینگلیزی جۆن لۆک (١٦٣٢-١٧٠٤)ە، بە ناوبانگترین فەیلەسوفی سەدەی حەڤدەهەم دادەنرێت لەسەر پرسی "پەروەردە" نوسیویەتی. لە بەرهەمێکی تایبەتدا بەناوی هەندێک بیرکردنەوە دربارەی پەروەردە دیدگاکانی خۆی سەبارەت بە پەروەردە خستەڕو، لە ئینگلتەرا بە یەکێک لە کەمترین بەرهەمەکانی ئەم بوارە دادەنرێت لە بواری پەروەردە، کە ڕاستەوخۆ مامەڵەی لەگەڵ بابەتی پەروەردەیی کردوە لەوسەردەمەدا. هەوڵی داوە سیستەمێکی پەروەردەی گونجاو بخاتەڕو لە پەروەردەکردنی منداڵ بەپێی قۆناغەکانی تەمەنی تا دەگاتە کامڵبون یا پیاو کە جۆن لۆک لە نوسینەکانیدا پیاو وەک چەمکێکی کامڵ یا پێگەیشتو ناودەبات، ئەمەش وادەکات هەندێک لە توێژەران ڕەخنەی ئەوەی لێبگرن کەمتر باسی ژنانی کردوە، بەڵام بە بڕوای من جۆن لۆک وەک کەسێکی کامڵ ناویدەهێنێت نەک جیاوازیکردن لە نێوان ڕەگەزەکان، لۆک چونکە خۆی پزیشک بوە بۆیە زۆربەی تیۆرە پەروەردەییەکانی لەسەر جەستە بنیاتناوە زۆر گرنگی بەلایەنی جەستەی منداڵ داوە، چونکە پێیوابو منداڵ دەتوانێت ڕابهێندرێت لەسەر هەر شتێک، لۆک دەڵێت: عەقڵی تەندروست لەجەستەیەکی ساغدایە، کەئەمەش زادەی بیرکردنەوەیەتی لە گرنگیدان بەلایەنی جەستەیی، ئاماژەی بەهەمو لایەنەکانی ئەو بابەتە کردوە بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێت جەستەیەکی ساغ وسەلامەت وەدەستبهێنێت، هەروەها لایەنی ئاکاری و هزری زۆر بۆ گرنگ بوە: دەڵێت منداڵ کاتێک لەدایکدەبێت لاپەڕەیەکی سپییە هیچ یادوەرییەکی نییە بۆیە لە ڕێگەی پەروەردەوە دەتوانرێت منداڵێکی تەندروست و کامڵی لێ بەرهەمبێت، سودی هەبێت بۆخۆی و کۆمەڵگاو دەوڵەتیش. ئێمە لە توێژینەوەکەماندا هەوڵمان داوە بەشێوەیەکی ورد هەمو ئەو بۆچونە پەروەردەییانەی لۆک بخەینەڕو شرۆڤەیان بکەین.

**گرفتی بەردەم توێژینەوە:**

گرفتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە قەیرانی پەروەردەی هاوچەرخ وەک کێشەیەکی تەکنیکی یان زانستی تەنها لەلایەن زۆرێک لە لێکۆڵەرەوان و دەسەڵاتدارانەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، بەبێ گرنگیدان بە پەیوەندی نێوان ئەم قەیرانە و سیستەمی پەوەردەیی. بەتایبەتی کەمی تێگەیشتن لە بیرۆکەکانی فەیلەسوفانی وەک جۆن لۆك سەبارەت بە پەروەردە، وەک چوارچێوەیەکی تیۆری و کردەیی بۆ چارەسەرکردنی گرفتە پەروەردەییەکان، هەروەها نەبونی شیکردنەوەیەکی کوردی لەسەر فەلسەفەی پەروەردەی جۆن لۆك و کاریگەرییەکانی لەسەر پەروەردە.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لە دەوری یەکێک لە گرنگترین فەیلەسوفەکانی سەردەمی ڕێنێسانسی۔ ئەوروپی دەسوڕێتەوە،کە فەیلەسوف (جۆن لۆک)ە، بە لەبەرچاوگرتنی کەمی ئەو توێژینەوانەی باسیان لە فەلسەفەی پەروەردەیی کردبێت. ئەم

توێژینەوەیە باس لە ناوەڕۆکی فەلسەفەی پەروەردەی جۆن لۆک دەکات، هەروەها هەوڵدەدات گرنگترین ڕەهەندە پەروەردەییەکان لە فەلسەفەی جۆن لۆکدا دەستنیشانبکات و کاردانەوەکانی لەسەر سەردەمەکەی و ئەوانەی دوای ئەو هاتون. هەروەها تیشک دەخاتە سەر ڕادەی کاریگەریی بۆچونەکانی فەیلەسوفانی سەردەمی پیش لۆک، کە کەم تا زۆر باسی پەروەردەیان کردبێت، کاریگەریان لەسەر ئەم فەیلەسوفە و لەسەر هزری پەروەردەییەکەی هەبوە.

## میتۆدی توێژینەوەکە:

میتۆدی ئەم توێژینەوەیە کە توێژینەوەیەکی تیۆری و مێژوییە، بە شێوازی وەسفی شیکاری ئەنجام دراوە. لە ڕوی ڕێبازەوە توێژینەوەکە پشت بە میتۆدی کتێبخانەیی بەستوە و سەرچاوە نوسراوەکانی بەکارهێناوە بۆ شیکردنەوەی بیرۆکە فەلسەفییەکانی جۆن لۆک لەسەر پەروەردە. توێژەر میتۆدی شیکاری بەکارهێناوە بۆ لێکدانەوەی ناوەڕۆکی سەرچاوەکان و میتۆدی بەراوردیشی‌ بەکارهێناوە بۆ بەراوردکردنی بیرۆکەکانی لۆک لەگەڵ فەیلەسوفانی دیکە. سەرچاوەکان لە دو جۆرن یەکەم سەرچاوە سەرەتاییەکان کە بریتین لە کتێبی هەندێک بیرکردنەوە سەبارەت بە پەروەردەی جۆن لۆک و نوسینە فەلسەفییەکانی دیکەی، دوەم سەرچاوە لاوەکییەکان کە بریتین لە کتێب و توێژینەوە ئەکادیمییەکان لەسەر فەلسەفەی پەروەردە. توێژینەوەکە لە چوار قۆناغدا ئەنجام دراوە یەکەم قۆناغی ئامادەکاری کە دیاریکردنی بابەت و گەڕان بەدوای سەرچاوەکانی لەخۆگرتوە، دوەم قۆناغی کۆکردنەوەی زانیاری کە خوێندنەوەی سەرچاوەکان و تۆماری زانیارییە گرنگەکانی لەخۆگرتوە، سێیەم قۆناغی شیکردنەوە کە لێکدانەوە و بەراوردکردن و دەرهێنانی دەرئەنجامەکانی لەخۆگرتوە، چوارەم قۆناغی نوسین، کە ڕێکخستن و پێشکەشکردنی توێژینەوەکەی لەخۆگرتوە.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

بەشداریکردنێک لە ڕێنماییکردنی توێژەران لە بواری پەروەردەدا و هاندانیان بۆ سودمەندبون لە بیری پەروەردەیی جۆن لۆک، بۆ ئاشکراکردنی تایبەتمەندییە گشتییەکانی فەلسەفەی جۆن لۆک وەک یەکێک لە گرنگترین فەیلەسوفەکانی سەردەمی مۆدێرن و دەستنیشانکردنی ئەو بناغە گرنگانەی کە فەلسەفەی پەروەردەیی لەسەری بنیاتنراوە، دیاریکردنی ڕەهەندە پەروەردەییەکان کە لەم فەلسەفەیەدا هاتوە و کامیان لە نوسینەکانیدا دەرکەوتوە. بۆ دەستنیشانکردنی ڕادەی کاریگەریی فەلسەفەی پەروەردەیی جۆن لۆک لەسەر بیری ڕۆژئاوایی و گرنگترین ڕەخنەکانی ئاراستەی ئەو کراون.

## پلانی توێژینەوەکە:

پلانی توێژینەوەکە بەم شێوەیەیە کە لە دو بەشی سەرەکی پێکهاتوە بە جۆرێك بەشی یەکەم بەناو نیشانی هزری پەروەردەیی لە فەلسەفەی نویدا، دو باس لەخۆدەگرێت، باسی یەکەم فەلسەفەی پەروەردە لە سەردەمی نوێدا، کە پەروەدەی ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی و ڕیالیزمی هەرستیاری و پەروەردەی ڕیالیزمی مرۆڤ دۆستی لەخۆدەگرێت، باسی دوەم بەناوی جۆن لۆك و ڕۆڵی لە دامەزراندنی فەلسەفەی پەروەردەدا، کە دو خاڵ لەخۆدەگرێت، یەکەم ڕۆڵی لۆك لەدامەزراندنی فەلسەفەی پەروەردەدا. دوەم چیەتی و پێناسەی پەروەردەیە. بەشی دوەم بەناوی هزری پەروەردەیی لۆکە، کە لە دو باس پێکدێت، باسی یەکەم بۆچونەکانی پەروەردەیە لە دیدی لۆکدا، کە بە وردی خاڵەکانی بۆچونە پەروەردەییەکانی لۆك و وەك پەروەردەی ئاکاری و پەوەردەی جەستەیی و پەوەردەی عەقلی ڕونکراوەتەوە. باسی دوەم پەیوەندی پەروەردەیە بە هزری لۆکەوە، پێکدێت لە شێوازەکانی خوێندن و بیرۆکەکانی دەربارەی شێوازەکانی خوێندنە، هەروەها ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان لەخۆدەگرێت.

**بەشی یەکەم: هزری پەروەردەیی لە فەلسەفەی نویدا**

**باسی یەکەم: فەلسەفەی پەروەردە لەسەردەمی نوێدا**

مەبەســـت لە فەلســـەفەی ســـەردەمی نویێ ئەو فەلســـەفەیە، لە دوای داگیرکردنی قوســـتەنتینیە لەلایەن تورکی عوسمانییەوە لە ساڵی (١٤٥٣ز) دەستپێدەکات تاوەکو کۆچی دوایی هیگل (١٨٣١ ز)، لەم سەردەمەدا جارێکی تر ئاوەز دەبێتەوە ســەرچاوەی گەیشــتن بە زانین و ڕێبازی مرۆڤ پەروەری ســەرهەڵدەدات، ئەم ســەردەمە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندییە، وەک وەلانانی ئاین و میتافیزیک و بەکارهێنانی میتۆدی توێژینەوەی زانســتی لە زانســتە ئەزمونییەکاندا، ئەم گۆڕانکاریانەی لەم سەردەمەدا ڕوودەدەن بێگومان پشکی گەورە بەر هزری پەروەردەیش دەکەوێت، لەم سەردەمەدا بایەخێکی زۆر بە بواری پەروەردە دەدرێت و چەندین هزری پەروەردەیی دەردەکەوێت، کە بەرهەمی ئەم ســـەردەمەن و هەتا وەکو ئەمڕۆش سودیان لێوەردەگیرێت لەوانەش هزری پەروەردەیی (جۆن لۆک، ژان ژاک ڕۆسۆ، ئەمانوێل کانت، هیگل)، (عزیز: ٢٠١١، ٧)، ئەو ڕێنسانسەی، لە سەدەی پانزە و شانزەهەمدا لە ئەوروپا ڕویدا، کاریگەرییەکی گەورەی لەســەر گۆڕینی چەمکی پەروەردە و ئامانجەکانی هەبو، بە جۆرێک پەروەردە بوە خاوەنی چەمک و ئامانجی شــۆڕشــێکی نوێی هەمەلایەنەی پێکهێنا لە دژی چەمک و ئامانجەکانی پەروەردە،کە لە ســـەدەکانی ناوەڕاســـتدا لە ئەوروپادا زاڵبو تیشــکی خســتەســەر پەروەردەی ئاینی و چەســپاندنی ســیســتەمی چینایەتی فیوداڵی، لەو ســەردەمە دا باو بو (فاخر: ١١٢،١٩٨٥). لە ســەدەی شــانزەهەم داو لە ســەدەکانی ناوەڕاســتدا مانایەکی نویێ بە پەروەردە درا، لە ڕوی تیۆرییەوە لانیکەم فراوانتر و لیبراڵتر بو، قورســایی دەدا بە تەندروســتی جەســتەیی و دەرونی، خەمی ڕاهێنانی جەســتەی هەبو، بە ئازادکردنی ئاوەز و ڕزگارکردنی لە کۆت و بەندەکانی، دوای ئەوەی لە ســـەدەکانی ناوەڕاســـتدا چەق بەســـتبو (عبدالدائم:١٩٧٣، ٢٧١).

لە سەدەی حەڤدەهەمدا پێشکەوتنێکی بەرچاو لە فەلسەفەی پەروەردەدا بەدیکرا، بەهۆی ڕێنێسانسی زانستییەوە، بوە هۆی ســەرهەڵدانی زۆرێک لە زاناکان و پەرەســەندنی میتۆدی تاقیکاری، بەم شــێوەیە پەروەردە ئاراســتەیەکی ڕیالیزمی گرتۆتەبەر و فەلسەفەی ڕیالیزمی یان پەروەردەی ڕیالیزمی دابەشدەکرێت بەسەر سێ بەشدا:

**أ- پەروەردەی ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی:** یاخود پەروەردەی کرداری ئەم جۆرە پەروەردەیە مرۆڤ ڕادەهێنا بۆ ئەوەی ئەرک و فرمانی خۆی بزانێت و هەڵسێت بە ئەنجامی ئەو ئەرکانە لەژیانی ئێستاو ئایندەیدا و کامەرانی و خۆشبەختی و ئاسودەی لێوەربگرێ، واتە پەروەردە بۆ ئەوە کاری دەکرد، مرۆڤ بکاتە (مرۆڤیکی کردارییانە) و ســـود بە دەوروبەری بگەیەنێت و ببێتە مایەی خێرو بێر بۆ خۆیی و خەڵکی (ئالانی: ٢٠٢١، ١٠٢). بەناوبانگترین پەروەردەکارانی واقعی (ڕیالیزمی) بریتین لە: (میشێل دی مۆنتاین ١٥٢٩-١٥٣٣ز)، ئەو پێیوایە پەروەردە پرۆسـەیەک نییە بۆ وەرگرتن و سـنوردارکردنی ئەوەی پێشـــینەکان گوتویانە، بەڵکو پرۆســـەیەکە بۆ قبوڵکردنی ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەســـەرکراوە و کارلێککردن لەگەڵیدا، خۆلێدان لەو لێکۆڵینەوانەی پێشـوتر لەگەڵ هۆکارە ژینگەییەکان و کێشـەکانی ژیان، لەلایەکیترەوە پرۆسـەی هێنانەدی گۆڕانکارییە لەڕەفتاری مرۆڤدا، ئەزمون یان مەعریفە بێ بەهایە ئەگەر فێرخواز وەرینەگرێت و نەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە ڕەفتارەکانیدا، هەروەها بانگەشـــەی بۆ ئەوە دەکرد، دەبێت پەروەردە پەروەردەیەکی کردارییانە بێت و خزمەت بەمرۆڤایەتی بکات (تومی: ٢٠١١، ٩٢). ئامانجی پەروەردە بۆ لۆک خۆئامادەکردنە بۆ ژیانێکی ئەکادیمی بەختەوەر و ســەرکەوتو و فەزیلەتدار، بۆ گەیشــتن بەم ئامانجە ئامانجی دیکە هەیە کەمتر گشــتییە دەبێت بەدیبهێنرێت، لەوانەش گەیشـــتن بە تەندروســـتی جەســـتەیی بۆ تاکەکەس پەرەپێدانی ویژدانی ئاکاری و مەیلی پەرۆشی بۆ پەرەپێدانی توانا دەرونییەکانی و دابینکردنی زانیاری بەسود بۆی (الرشدان:١٩٨٤، ٢٨٩).

**ب- پەروەردەی ڕیالیزمی هەستیاری:** ئەم ڕەوتە لە ژێر کاریگەری بزوتنەوەی زانستی مۆدێرن دەبینین و لە نێو ئەو بۆچونانەی لەم سەردەمەدا نوسراون، سەرهەڵدانی بیرۆکەی مۆدێرن لە پەروەردە و فێرکردندا و هۆکاری ناونانی پەروەردەی ڕیالیزمی هەستیاری ئەوەیە، سەرکردەکانی ئەم بزوتنەوەیە پێیانوایە زانینی شتەکان لە ڕێگەی هەستەکانەوە بۆمان دێت یان دەزانین، هەڵگرانی ئەم بیردۆزە پێیانوابو ئێمەی مرووڤ لەڕێگەی هەستەکانمانەوە شتەکان دەبینین و دەناسینەوە، ئەوان لەو باوەڕەدا بون هەستەکانی مرۆڤ هۆکارێکی گرنگن لە پرۆسەی پەروەردەییدا (مەحمود: ١٩٣٦، ١٦١).

پێش پەیدابونی ئەم جۆرە پەروەردەیە شۆڕشی چاکسازیانەی ئاینکرا، زمانی لاتینی ئەو بایەخەی جارانی نەماو فەرامۆشکرا، وەک دەرئەنجامێکی پەیدابونی پەروەردەی ڕیالیزمیانەش زمانە نەتەوایەتییەکان پەیدابون، لە دەرەنجامی ئەو هەمو گۆڕانکاریانە و چەندین فاکتەریتردا مادە و بابەت و وانەکانی خوێندن لە قوتابخانەکاندا وایانلێهات هاوسەنگ نەبون لەگەڵ خواست و داواکاری و پێویستی چەرخەکەدا و شیاوی سەردەمەکە نەبون، ئەوەی خەمخۆری ئەم جۆرە بارودۆخانەش بون هەمیشە هەر فەیلەسوف و پەروەردەکاران و زانایانی بواری پەروەردە و کۆمەڵایەتی بون، لەبەرئەوە هاتن تیۆر و بیردۆزێکی نوێیان هێنایە ئاراوە ئەویش بریتیبو: (بیردۆزی هاندانی ژیری) واتە بیردۆزی خستنەوەگەڕی ژیری ئەم تیۆرە لە بواری پەروەردەدا خرایەکار، ئەم بیردۆزە پێیوایە ئەگەر کاروباری هزر بەباشی شتەکانی هەڵبژارد ئەوا توانا و برستێکی ژیری گەورە دێتە کایەوە لە سەرو بایەخی خۆیەوە دەبێت، ئەو توانا و چالاکییە گرنگەی هەردوکیان پێکەوە مرۆڤ دەیانخاتەگەڕ لەپێناوی هێنانەکایەو لەدایکبونی، بێگومان هەر ئەو توانا عەقڵیەشە دەشێت بۆ بەکارهێنان لە بابەتو توێژینەوە نوێیەکاندا (ئالانی: ٢٠٢١، ١٠٢-١٠٣).

**ج- پەروەردەی مرۆڤدۆستی ڕیالیزمی:** ئەم پەروەردەیە لەم قۆناغەدا بایەخی بەتوێژینەوەی دواساتەکانی شارستانێتی و پەروەردەی یۆنانی و لاتینی دەدا، هەڵگرانی ئەم بیروبۆچونە گرنگی زۆریان بەزمان و ئەدەبە دێرینەکان دەدا، ئەو کەسانەش وەک هۆکارێک تەماشای ئەم کارەیان دەکرد نەک وەک ئامانجێک، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو ڕەوتە پەروەردەییەی لە سەدەی شانزەهەمدا دەرکەوت بۆ زیندو کردنەوەی ئەو بنەما پەروەردەییانەی تایبەتمەندی ڕێنێسانسی۔ یەکەم بون (تومی: ٢٠١١، ١٠٤). لە بەناو بانگترین پێشەنگەکانی ئەو ڕەوتە هزریە (جۆن میڵتۆن ١٦٠٨-١٦٧٤ز)ە، میڵتۆن بیرۆکە پەروەردەییەکانی خۆی لە نوسینە پەروەردەییەکانیدا خستۆتەڕو، لەوێدا ڕەخنەی لەو شێواز و ڕێبازانە گرتوە، لە قوتابخانەکانی سەردەمی خۆیدا باوبون، داوای بیرۆکەی لێکۆڵینەوەی قوڵی بابەتەکە و بەرجەستەکردنی لەگەڵ ژیانی ڕاستەقینەدا دەکات (الرشدان: ١٩٨٤، ٢٨). فەلسەفەی پەروەردەی مرۆیی ڕاستەقینە جەخت لەسەر گەشەسەندنی تەواوی مرۆڤ دەکاتەوە لە ڕوی هزری، ئاکاری، سۆزداری و کۆمەڵایەتییەوە، نەک تەنها گواستنەوەی ڕاستییەکان یان ڕاهێنانی پیشەیی، ڕەگ و ڕیشەی لە نەریتە مرۆڤ دۆستەکاندا هەیە، هەوڵدەدات بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، هاوسۆزی، بەرپرسیارێتی ئاکاری و هەستکردن بە مرۆڤایەتی هاوبەش بچێنێت، بنەما سەرەکیەکانی پەروەردەی مرۆیی ڕاستەقینە بریتین لە: ڕێزگرتن لە تاکەکەس و بەهادان بە توانا و کەرامەتی تایبەتی هەر خوێندکارێک، گەشەپێدانی گشتگیر و هاوسەنگکردنی گەشەی هزری لەگەڵ فێربونی سۆزداری و کۆمەڵایەتی، گفتوگۆ و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و هاندانی لێکۆڵینەوەی کراوە، بیرکردنەوە و گوتاری باش، پەیوەندی بە مرۆڤایەتی و سروشت و یارمەتیدانی فێرخوازان بۆ تێگەیشتن لە ڕۆڵی خۆیان لە کۆمەڵگەیەکی فراوانتری مرۆییدا، ئامانجی تەنها ئامادەکردنی تاکەکان نییە بۆکار، بەڵکو پەروەردەکردنی ئەندامانی ژیر و بەرپرسیار و بەسودە بۆ کۆمەڵگا (یسونی: ٢٠٠٠، ٣٦٦).

**باسی دووەم: جۆن لۆک و ڕۆڵی لە دامەزراندنی فەلسەفەی پەروەردەدا**

**یەکەم: ڕۆڵی جۆن لۆک لە دامەزراندنی فەلسەفەی پەروەردەدا:**

پەروەردە پرۆسەیەکە لە سەرەتای ژیانەوە دەستپێدەکات و کۆتایینایەت، پرۆسەیەکە هەمو مرۆڤێک دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە، و لەلایەن باوک و دایک و مامۆستا و دەوڵەت و دامەزراوەکانی ترەوە پراکتیزە دەکرێت پەروەردە لەبناغەو چەمکەکەیدا پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە، لە ڕابردو و ئێستاشدا بەرەو پەروەردەیەکی کۆمەڵایەتی تەندروست ئاراستەکراوە، بەو پێیەی کۆمەڵایەتیکردن لە منداڵدا لە دایکبونەوە دەستپێدەکات، پەروەردە پێویستییەکی کۆمەڵایەتییە، پەیوەندییەکی نزیکی بە کۆمەڵگاوە هەیە و ئامانجی گرنگیدانە بە کۆمەڵگا و دابینکردنی پێداویستییەکانی، گونجاندنی تاکەکانییەتی لەگەڵ ژینگەکەیان، لە ڕێگەی کارلێکی بەردەوامیان لەگەڵیدا و کۆمەڵایەتیکردنیش ئەنجام دەدات، بۆمان دەردەکەوێت جۆن لۆک حەزی لە پەروەردە بوە، ئەمەش بوە هۆی بڵاوبونەوەی کتێبەکەی لە کۆتایی ژیانیدا، کە هەندێک بناغەی پەروەردەیی لەخۆگرتبو، وەک چۆن فەلسەفەی پەروەردەیی ئەو ئەوەیە منداڵ تەوەرەیەکی ڕاستەقینە و ناوەندی ڕاستەقینەی پرۆسەی پەروەردەییە لەسەر بنەمای توانای خۆی مەیل و بەرژەوەندییەکانی (مترو: ١٩٤٩، ١٩٧). ئێمە ئەم پرسیارە دەخەینەڕو: بنەما پەروەردەییەکانی فەلسەفەی جۆن لۆک چین؟

لۆک (١٦٣٢-١٧٠٤ز)[1] بەڕابەری فەلسەفەی ئەزمونی و دامەزرێنەری تیۆری زانین دادەنرێت لە پاڵ ئەمەش پەروەردەیی جۆن لۆک هەمیشە جێگەی بایەخی توێژەرانی بواری پەروەردە بوە، چونکە هەرچەندە ئەم هزرە لە سەدەی حەڤدەدا دەردەکەوێت، بەڵام تێڕوانینەکانی لۆک لە بارەی پەروەردە لەگەڵ تێڕوانینەکانی پەروەردە لە سەردەمی هاوچەرخدا یەکدەگرێتەوە، لۆک پێیوایە بنچینەی زانین لە ڕێگەی هەستەکانەوە سەرچاوەدەگرێت، هەربۆیە بناغە و بنەمای دروستبونی پەروەردە دەگەڕێتەوە بۆ درکپێکردنی هەستی نەک تەنها ڕۆڵی ئاوەز، بۆیە پێویستە گرنگی تەواو بەو زانینانە بدەین، لەڕێگەی هەستەکانەوە بۆماندێت.

خاڵێکیتر کەوا لە لۆک دەکات تەواو لە هزری پەروەردەیی هاوچەرخ بچێت ئەوەیە، پێیوایە ڕاستییە پەروەردەییەکان بریتین لە کرداری گونجاندن لە نێوان تاک و ژینگەی گۆڕاودا بەشێوەیەک بۆ تاکەکەس هاوسەنگییەک دروست دەکات، لە نێوان ئاوەز و جەستە و ژینگەی مادی و کۆمەڵایەتیدا، تاک ئامادەدەکات بە چەشنێک ئامادەبێت بۆ ژیانێکی کردەیی و تێبگات لە و ڕاستییەی تێیدا دەژی، ئەمەش یەکێکە لە ئامانجە پەروەردەییەکان، لە فەلسەفەی هاوچەرخدا بایەخی پێدەدرێت (محمود: ٢٠١٣، ٣٠-٣١).

جۆن لۆک بەرهەمێکی تایبەتی هەیە سەبارەت بە پەروەردە بە ناونیشانی چەند بیرۆکەیەک دەربارەی پەروەردە لە ساڵی (١٦٩٣ز) بڵاوکراوەتەوە (عزیز: ٢٠١١، ٧)، لەم کتێبە دا لۆک یاسایەکی تایبەتی داناوە جەخت لەسەر گرنگی زاڵبون بەسەر خوددا دەکاتەوە، جەخت لەوەش دەکاتەوە پەروەردە نابێت تەنها بخرێتە چوارچێوەی گواستنەوەی زانیارییەوە، بەڵکو دەبێت گرنگیبدات بە ئامادەکردنی مروڤێک، خاوەنی ڕەوشت و کەسایەتی چاکەکار بێت، ئەمەش لەڕێگەی پەروەردەوە بەدیدێت، کە گرنگی بدات بەگەشەی لایەنی عەقڵی و جەستەیی و ئاکاری لەتاکدا، لۆک لە ڕوانینەکانیدا هێرشی توند دەکاتە سەر پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنی سەدەکانی ناوەڕاست، کە شێوازی فێربونی فێرگەییە و لەسەر بنەمای جیاوازی چینایەتی تاکەکان و پەروەردەی ئاینی پەروەردە کراون بەتایبەت لەو خاڵەدا بونی بیرۆکەی پێش ئەزمونی ڕەتدەکردەوە و پێیوابو، ئاوەز لاپەڕەیەکی سپییە و تاقیکردنەوەی ئەزمونی زانیاری لەسەر تۆماردەکات (عەزیز: ٢٠١٦، ٨٩-٨٨). هزری پەروەردەیی جۆن لۆک لە نوسینەکانیدا لەبارەی زانین و سیاسەت بەوردی ئەوەت بەرچاو دەکەوێت پەروەردەی ئاکاری یەکێکە لە کارە سەرەکییەکانی پەروەردە، ئەمەش پەیوەندی بە لایەنی ڕۆشنبیری

کۆمەڵگەکانەوە هەیە، ئەرکی دوەمی پەروەردە بریتییە لە پەروەردەی جەســـتەیی، لۆک لەم بارەیەوە دەڵێت: "ئاوەزێکی تەندروست لە جەستەیەکی تەندروست دایە" وتەیەکی کورتە بەڵام پڕ واتایە، گەر کەسێک خاوەنی ئەم تایبەتمەندیە بێت بێگومان کەسێکی بەختەوەر و نمونەیەکی باڵایە (بشار: ٢٠١٥، ٧٦).

لۆک چەمکی فەلسـەفەی پەروەردەی پەرەپێدا، کە لە سـەدەی پانزەهەم و شـانزەهەم دا باو بو، بە ناسـاندنی تیۆرێکی نوێ، واتە چەمکێک بە "لاپەڕەی سـپی" Tabul areas" ناسراوە، لەسـەر بنەمای ئەو ڕاسـتییە دامەزراوە، عەقڵی مرۆڤ لەکاتی لە دایکبوندا لاپەڕەیەکی سـپیە و هیچ شـتێکی لەسـەر تۆمارنەکراوە (التل: ١٩٩٣، ٤١). لۆک کاتێک پێچەوانەی بیریارانی دیکە بیروڕای دەربڕی، مرۆڤەکان لەکاتی لەدایکبوندا هیچ جۆرە زانیارییەکی پێشـتر یان ئەزەلیان لە زەیندا نییە، جەختی لەسـەر ئەو خاڵەش دەکردەوە، هیچ موکاشـەفەیەکی خودای نییە، بەو مانایەی مرۆڤەکان بەشێوەیەکی جەوهەری نەخراپن نەچاک. بەپێچەوانەوە زەینی مرۆڤ وەک تابلۆیەکی سپی وایە خەڵکی لەسەرەتای لە دایکبونەوە لە ڕێگای پێنج هەسـتە جۆراوجۆرەکان زانیاری لە جیهانی دەرەوە وەردەگرن، ئەوەی مرۆڤ دەیزانێت لە ڕێگەی ئەزمون و تاقیکردنەوە بەدەستهاتوە (دان: ٢٠١١، ٢٧-٢٨).

هەندێک لە مێژونوسـان و توێژەران لۆک دەخەنە ناو قوتابخانەی ڕیالیزمی هەسـتیەوە، بەو پێیەی بە یەکێک لە پێشـەنگەکانی ئەم ڕەوتە دادەنرێت و ڕۆڵێکی گەورەی هەبوە لە دامەزراندنی ئەم قوتابخانەیە، هەرچەندە ئەو لەگەڵ هەندێک لە بۆچونەکانی خاوەن بزوتنەوەی واقیعبینانە وەک (میشـێل دی مۆنتاین و فرانسـیس بیکۆن و جۆن ئیمۆن کۆمێنیۆس) هاوڕا نییە و منیش لە بەشی یەکەمی قوتابخانەی ڕیالیزمی هەسـتیاریدا باسـمان لێکردن، بەڵام شـتگەلێک هەن تێیدا هـاوڕایە لەگەڵیـان، بەڵام ئەم ڕێککەوتنە جەوهەری نییە، بەڵکو لاوەکییە بۆ نمونە، لۆک هـاوڕایە لەگەڵ "مۆنتەین" لە زۆر شـت و لایەنی جۆراوجۆردا، دژی زۆرینەی پەروەردە بون، کە لە سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا هەبو هەردوکیان داوای پێکهێنانی کردارە ئاکارییەکانیان دەکرد، کە گونجاوە بۆ ژیان لە کۆمەڵگە و ئامانجی ڕاسـتەقینەی پەروەردەییە، نەک ڕاهێنانی دەرونی یان ناوەکی وەک ئەوەی ئەوانی دیکە درێژەیان پێداوە، هەریەکەیان سـیسـتەمی خوێندکار لەگەڵ مامۆسـتای تایبەت بە باشـتر دەزانن، نەک لە قوتابخانەیەکدا، هەردوکیان پێشـنیاری دەکەن وەک یەکێک لە ئامرازە گرنگەکانی پەروەردە، دژایەتی بیرۆکەی بیرکردنەوە بە دەرونزانینانە ناوەکیەکان دەکەن، پەروەردە دەبێت پراکتیکی و ئەزمونی بێت فێرخواز بۆ ژیانی ڕاستەقینەی سەردەمەکەی خۆی بگونجێت و ئامادەی بکات (مترو: ١٩٤٩، ٢٠٢)، ڕیالیسـتەکان ئەو قسـانەی لۆک قبوڵ دەکەن، کە "دەڵێت عەقڵی مرۆڤ کاتێک لەدایکدەبێت لاپەڕەیەکی سپییە و لە ڕێگەی بەرکەوتنی لەگەڵ دەرەوە هەست و سۆزەکان لەسەر مێشکیدا دەچەسپێن و بەم شێوەیە کەسـەکە فێردەبێت" (Loke:1965,48). بەم شـێوەیە لۆک بە یەکێک لە دامەزرێنەرانی بزوتنەوەی ڕیالیزمی هەسـتی دادەنرێت، چونکە بۆچونە پەروەردەییە فەلسەفیەکانی سەرچاوەی سەرەکی ئەم قوتابخانەیەن.

## دوەم: چییەتی پەروەردە لە دیدی لۆکدا

جۆن لۆک (John Locke) وەک یەکێک لە گرنگترین فەیلەسـوفانی سـەدەی حەڤدەهەم، بیرۆکەیەکی نوێی دەربارەی پەروەردە پێشکەش کرد کە کاریگەری قوڵی لەسەر سیستەمەکانی پەروەردەی سەردەمی هەبوە.

پێناسـەی پەروەردە لە دیدی لۆک: لۆک پەروەردەی وەک "هونەری دروسـتکردنی مرۆڤێکی ئازا و بەهرەمەند" پێناسـە دەکات ئەو پەروەردەی بە پرۆسـەیەکی تەواو دەزانێت کە نەک هەر زانیاری دەگوازێتەوە، بەڵکو کەسـایەتی و ڕەفتاری مرۆڤیش شێوەی پێدەدات (Locke, 1693, 25).

## چیەتی و تایبەتمەندییەکانی پەروەردە:

١. لۆک باوەڕی وایە کە "عەقڵی منداڵ وەک پەڕەیەکی سپییە" کە دەتوانرێت شتی چاکی تێدا بنوسرێت.
٢. ئەو جەخت لەوە دەکاتەوە "هیچ زانیارییەک لە عەقڵدا بونی نییە، هەموی لە ڕێگەی ئەزمونەوە بەدەستدێت.
٣. لۆک پەروەردە بە سێ بەشی جەستەیی، عەقڵی و ئاکاری دابەشدەکات.

لۆک ئامانجی سەرەکی پەروەردە بە "بەرهەمهێنانی پیاوێکی خاوەن ئاکاری بەرز و توانای بیرکردنەوەی سەربەخۆ" دیاری دەکات (Locke, 1693, 200). بیرۆکەکانی لۆک بنەمای مۆدێرنی بۆ پەروەردەی لیبراڵ دانا و کاریگەری زۆری لەسەر سیستەمەکانی پەروەردەی ئەمڕۆ هەبوە.

لێرەوە دەتوانین بڵێین: بیرۆکەکانی جۆن لۆک دەربارەی پەروەردە یەکێک لە گرنگترین تیۆرییەکانی مێژوی پەروەردەیە تا ئەمڕۆش کاریگەری لەسەر سیستەمە پەروەردەییەکانی جیهان پاراستوە. لۆک وەک نوێنەرێکی ڕاستەقینەی بزوتنەوەی ڕۆشنگەری، چەشنێکی نوێ و شۆڕشگێڕانە لە تێروانینی بۆ پەروەردە پێشکەش کرد (Yolton,1971,45).

تیۆری "پەڕەی سپی"ی لۆك گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە مێژوی پەروەردەدا دروستکرد. پێش ئەو، پەروەردە بە پرۆسەیەکی کلاسیکی دەزانرا، بەڵام لۆک جەخت لە گرنگی مرۆڤ وەک تاکەکەس کردەوە (Locke,1693,83)، ئەم بیرۆکەیە بنەمای پەروەردەی "منداڵ-سەنتەری"ی مۆدێرن بو، کە ئەمڕۆ بە یەکێک لە بنەماکانی پەروەردەی پێشکەوتو دادەنرێت، کاریگەری لۆک لەسەر پەیدابونی پەروەردەی مۆدێرن بەرچاو و بەردەوامە، فەیلسوفانی پەروەردەی دواتر وەک جۆن دیویی و ژان پیاژە، لە بیرۆکەکانی ئەو سودیان وەرگرت. بەتایبەتی بیرۆکەی ئەو دەربارەی گرنگی ئەزمون لە فێربوندا (Tarcov,1984,156).

جەختکردنەوەی لۆک لەسەر پەرەپێدانی توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، ئەمڕۆ یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی سیستەمە پەروەردەییە پێشکەوتوەکانە ئەو باوەڕی وابو، فێرخوازان دەبێت فێری بیرکردنەوە بن، نەک تەنها زانیاری وەربگرن (Locke,1693,185)، هەروەها، کاریگەری بیرۆکەکانی لۆک تەنها بۆ بواری پەروەردە سنوردار نەبو، بەڵکو کاریگەری فراوانی لەسەر گەشەپێدانی بیرۆکەی دیموکراسی و یەکسانی دەرفەتەکانیش دەکردەوە ( Dunn, 1984, 78).

بە گشتی، جۆن لۆک وەك بناغەدانەری پەروەردەی مۆدێرن دادەنرێت. بیرۆکەکانی ئەو تا ئەمڕۆش بنەمای زۆر لە تیۆری و پراکتیکی پەروەردەیین. هەرچەندە هەندێک لە بۆچونەکانی ڕەنگە بە تەواوی پەسەندنەکرێن، بەڵام گەنجینەی هزری ئەو لە بواری پەروەردەدا هەمیشەیی و نەمرە (Axtell, 1968, 267).

**بەشی دوەم: هزری پەروەردەیی جۆن لۆک**

**باسی یەکەم: بۆچونەکانی پەروەردە لە دیدی جۆن لۆک**

**بۆچونە پەروەردەییەکانی:** لۆک لە کتێبی "هەندێک بیرکردنەوە لەسەر پەروەردە"دا باسی گرنگترین بیرۆکە پەروەردەییەکانی خۆی کردوە. کتێبەکە بە کتێبێکی کلاسیک دادەنرا، سەرەڕای ئەوەی گفتوگۆیەکی کەسیی نێوان دو هاوڕێ بو، چونکە بیرۆکەیەکی پەروەردەیی تێدا پێشکەشکرد، بۆ تاکی ئینگلیز لە سەدەی هەژدەدا گونجاو بو، تێیدا تێکەڵەیەکی نایابی کۆن و مۆدێرن، کۆنەپەرستی و پێشکەوتنی تێکەڵکرد، بە تێکەڵکردنی ئاکاری شورشگێڕی مەسیحی لە سەدەکانی ناوەڕاست و نەریتە نوێیەکانی ڕێنێسانسدا نوێنەرایەتی دەکرا. مۆدێلی پیاوی چاکەکار کراوە بە ئەرك، بەمانای نوێ ئامادەکردنی کەسێکی خوێندەوار و یەکگرتو لە خودابترسێت و پشت بەخۆی ببەستێت و خزمەت بە وڵاتەکەی بکات و بیری کراوە بێت، لۆک لە ڕێگەی پرۆگرامی پەروەردەیی خۆیەوە یارمەتی بەدەستهێنانی مۆدێلە نوێیەکەی دا (شیحە: ٢٠٠٢، ١٤٨). لۆک باوەڕی بە توانای پەروەردە هەیە بۆ گۆڕینی ڕەفتار و دروستکردنی جیاوازییەکی گەورە لە

نێوان مرۆڤەکاندا، وەک خۆی دەڵێت: نۆ لەسەر دەی ئەوکەسانەی چاویان پێدەکەوێت، ئەوەن کە هەن، باش یان خراپ، بەسود یان شتی تر، بەهۆی خوێندنەکەیانەوە. ئەوە پەروەردەیە جیاوازییە گەورەکە لە ڕەگەزی مرۆڤدا دروست دەکات (Locke:1830, 1 )

لۆک لە کتێبی "هەندێک بیرکردنەوە سەبارەت بە پەروەردە" باسی چوار جۆر پەروەردەی کردوە: بریتین لە پەروەردەی جەستەیی، پەروەردەی عەقڵی، پەروەردەی ئاکاری و پەروەردەی ئامادەکاری (ڕاهێنان). گرنگییەکی زۆری بە پەروەردەی جەستەیی داوە و جێگەیەکی بەرچاوی پێبەخشیوە لە سیستەمی پەروەردەی خۆیدا، نزیکەی یەک لەسەر شەشی کتێبەکەی بۆ باسکردنی تەرخانکردوە. ئەم تایبەتمەندییە دەگەڕێتەوە بۆ خوێندنی پزیشکی و ئەوگرفتە تەندروستیانەی توشی بوە. بەڵام گرنگی بە خودی پەروەردەی وەرزشی نەدەدا. بەڵکو بە پێشەکییەکی پێویست بۆ گەشەکردنی ئاوەز دادەنرێت. خەمخۆری بۆ ئاوەز وای لێکرد ڕوانگەیەک لەبارەی پەروەردەوە بگرێتەبەر، جیاواز بو لە ڕوانگەی پەروەردەیی کە لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا زاڵ بو، زانایانی سەردەمی ڕۆشنگەری لە زانستە کلاسیکەکاندا حیکمەت و جوانی و شکۆمەندییان دۆزییەوە و پەروەردە لە مێشکیاندا تێکەڵ بە بەدەستهێنانی مەعریفە بو (شیحە: ٢٠٠٢، ١٤٩). زانینی ڕاستەقینە لە ڕوانگەی لۆکەوە تێگەیشتنێکی ناوەکییە، یان دیدگای ئاوەزە، وەک چۆن مرۆڤ بەچاوی کەسێکی تر نابینێت، ناتوانێ بزانێت مەگەر لە ڕێگەی بەکارهێنانی عەقڵی خۆیەوە نەبێت. بۆیە دەبینین پشتڕاستی دەکاتەوە گەڕان لە شتەکان خۆیان باشترە لە گەڕان بەدوای بیرۆکەی کەسانی دیکەدا، هەروەها بەکارهێنانی زەینمان باشترە لە بەکارهێنانی عەقڵی کەسانی دیکە، تا زیاتر ئاوەزمان بەکاربهێنین، زیاتر زانستمان دەبێت، دابینکردنی بۆچونی کەسانی دیکەنامان کاتە زانا، چونکە ئێمە عەقڵی خۆمانمان بەکارنەهێناوە وەک ئەوەی ئەوان عەقڵی ئەوانیان بەکارهێناوە (Locke:1830,194).

سەبارەت بە گرنگترین بۆچونە پەروەردەییەکانی لە کتێبەکەیدا، لەسەر بنەمای چوار بوار یان چوار لایەن بو لە خوارەوە وردەکاری ئەم چوار لایەنە دەخەینەڕو کە بریتین:

**١- پەروەردەی ئاکاری:** بە بۆچونی جۆن لۆک ئاکار و هەڵسوکەوتی باش بەهۆی ئەزمونەوە بەدەستدێت، لە جیهانێکدا کە پڕە لە درۆ و دوڕویی و لادان، دەبێت لە بنەمای ئەزمونی ڕاستەوخۆ لە پەروەردە و فێرکردنی ئاکاریدا کەڵک وەرگیرێت، بەسەربەستی و ورد و کەڵک وەرگرتن لە تەمبێ کردن و هاندان، فێرخوازان فێری ئاکار و هەڵسوکەوتی باش بکرێن (مێهرئارا، زادەگان:٢٠٠٥،١٠٣). لۆک بە جیاکارییەکەی لە نێوان پەروەردە و فێرکردندا سەرسامان دەکات، ئەمەیە کە لۆک لە هاوچەرخەکانی نێوان پەروەردەکاراندا جیادەکاتەوە، کە پێیانوایە پەروەردە فێرکردنە بەگشتی نەک تەنها فێرکردن، ئەو پێیوایە ئامانجی سەرەکی پەروەردە بریتییە لە پێکهێنانی کارەکتەر، پەروەردە پرۆسەی پاڵاوتنی سیفەتە کەسییە گشتییەکانە (فاخر:١٩٨٤، ١٣٦). بەلای لۆکەوە پرسیار لەبارەی شوناسی کەسایەتی تائەندازەیەکی زۆر بەستراوەتەوە بە بەرپرسیارێتی ئاکارییەوە، لۆك لە وباوەڕەدا بو خودا تەنیا سزای ئەو سەرپێچی و تاوانەمان دەدا، کە بیرمانن ئەنجاممان داون، ئەوکەسەی ئیتر کاری شەڕانگێزی بیرناکەوێتەوە، هەمان ئەوکەسە نییە تاوانەکەی کردوە (نایگل، واربرتۆن: ٢٠٢٠، ١٣٣). سەبارەت بە پەیوەندی ئاکار بەماف و ئەرکە ئاکارییەکان پێیوایە ماف و ئەرکە ئاکارییەکان لە خودی خۆیاندا ڕاستیەکن و بەر لەیاسا لەئارادا بون (ڕەزا: ٢٠١٠، ١٤٩).

لۆک پێیوایە باشترین ڕێگا بۆ پەروەردەکردنی بنەمای فەزیلەت ئەوەیە هەوڵبدرێت لە ڕێگەی ڕێزگرتنەوە پاڵنەربین بۆ منداڵان و نەک سوکایەتیپێکردنیان، لە پەروەردەدا جەخت لەسەر گرنگی نمونەی باش و پراکتیکی کردەیی دەکاتەوە لەبری پەنابردن بۆ ڕێنمایی ڕێسا و سزادان. بە نمونەیەکی باش لە دایک و باوکەوە دەستپێدەکات و دەبێت دایک و

باوک ئاگاداری منداڵەکانیان بن، دەسەڵاتی دایک و باوک بەسەر منداڵەکانیاندا لەو ئەرکەوە سەرچاوە دەگرێت کە لەسەر شانیان دادەنرێت بۆ گرنگیدانیان و چاودێریکردنیان لە کاتی منداڵیدا، هەروەها بۆ ڕێنماییکردنی مێشکی منداڵان و کۆنترۆڵکردنی کارە نائاگاکانیان (لۆک: ١٩٥٩، ٣١٤). بنەمای ئەم جۆرە پەروەردەیە، بە بڕوای جۆن لۆک، فەزیلەتە، کە بەهۆیەوە منداڵ پەروەردە دەکرێت بۆ ئەوەی سنووردارکردن و کۆنترۆڵکردنی ئارەزووەکانی عەقڵی بێت لەهەڵبژاردنەکانیدا. چونکە ئارەزوی کەسی وای لێدەکات ئاراستەکانی بە پێچەوانەی ئەوەی منداڵ لەسەری پەروەردە بکرێت پشتی پێ ببەستێت، فەزیلەت لە پەیوەندییەکەی لەگەڵ پەروەردەدا ڕۆڵێکی قوڵی هەیە، چونکە یارمەتیدەرە بۆ بنیاتنانی کارەکتەری منداڵ، بە بەهێزکردنی بنەما ئاکارییەکانی، بەڵام ئەم پەروەردەکردنە لەسەر فەزیلەت سەرکەوتو نابێت، مەگەر منداڵەکان پاڵنەرو هاندەرنەبن بە ڕێزگرتن لێیان (Locke:1830,85). بنەما ئاکارییەکانی جۆن لۆک سەبارەت بە پەروەردەی ئاکاری منداڵان باسی کردوە بریتین لە:

**أ- چاکە:** دوای چاندنی بناغەکانی فەزیلەت لە دەرونی منداڵدا لە ڕێگەی بیرکردنەوەیەکی دروستەوە سەبارەت بە خودا وەک دانا و دروستکەری باڵا و گەورە و ڕاهێنانی بە پەرستنی خودا، شتێکی دواتر ئەوەیە حەقیقەتت لە دەروندا خۆشبوێت و وا بکات پێی باشتر بێت، لە دوڕوویی و بەرژەوەندی و دانپێدانان بەهەڵەو هاوسەنگی لە هەستەکانیدا، هەر لە سەرەتای منداڵییەوە حەزی لە بڵاوکردنەوەی فەزیلەتەکانە، چونکە لەگەڵ فەزیلەتەکاندا منداڵ چێژ لە خۆشەویستی و ڕێزی ئەوانیتر وەردەگرێت و ڕاهاتوە لێبوردەیی لەگەڵ خۆیدا بێنێت، ڕێگای فەزیلەتەکانیش پەروەردەی ئاینییە، بەیانیان و ئێواران تا ڕادێت بە دڵسۆزی بۆ خودا، خالق، بەخشەر، پارێزەر، دەبینم، کە بەبێ فەزیلەت مرۆڤ ناتوانێت بەختەوەری بەدیبهێنێت نە لەم جیهانە نە لە جیهانی داهاتودا، لۆک جیاوازی لە نێوان پەروەردە و پەروەردەکردندا کرد و ئەمەش بو، جیاوازی کرد لە هاوچەرخەکانی لەنێو پەروەردەکاراندا، کە پێیانوابو پەروەردەکردن تەنها پەروەردەیە، وەک چۆن لۆک پێیوابو پەروەردەکردن تەنها پەروەردە نییە، بەڵکو پەروەردە تەنها شێوازێکی پەروەردەی ناوەکییە بەشێوەیەکی ڕاهێنان ئامانجی پەروەردەکردن بۆ ئەو بریتی بو لە پێکهێنانی ئاکار یان ڕەفتار، واتە: هێزی جەستە سنوردارە بە توانای بەرگەگرتنی سەختی و هەر بۆیە هێزی دەرون، بنەمای هەمو فەزیلەتێکە، سنوردارە بە توانای مرۆڤ بۆ نکۆڵیکردن لە خۆی و نەهێشتنی ئارەزو و مەیلەکانی (فاخر: ١٩٨٤، ١٣٦)، بەم شێوەیە منداڵ لە تەمەنێکی بچوکەوە فێری پێکهێنانی ئاکاری باش دەبێت و فێری حیکمەت دەبێت، چونکە حیکمەت وەڵامدانەوەی زیرەکانەیە بۆ غەریزەی سروشتی مرۆڤ و بەکارهێنانی باشی بیرکردنەوە و سود وەرگرتن لە ئەزمونەکانە بۆیە باشترین ئامادەکاری بۆ ئەوەی منداڵ ژیربێت ئەوەیە ڕابهێنرێت بە فێرکردنی بیرۆکەی دروست سەبارەت بە شتەکان و بەرزکردنەوەی زەینی بۆ ئاستی بیرۆکەی گەورە و بەنرخ، بۆ ئەوەی بە فەزیلەت و حیکمەت گۆشبکرێت (مرسی: ١٩٨٦، ٣١٤).

**ب- سەروەری (شکۆمەندی) وەک بنەمایەکی ئاکاری:** لۆک لە کتێبی هەندێک بیرکردنەوە سەبارەت بە پەروەردە جەخت لەوە دەکاتەوە چاندنی هەستی سەروەری و شەرم لە منداڵاندا ڕێگەیەکی بەهێزە بۆ چاندنی فەزیلەت و ڕەفتاری ئاکاری، ئەو دەڵێت لەبری ئەوەی پشت بە پاداشت و سزا (پاڵنەرە دەرەکییەکان) ببەستێت، مرۆڤی خوێندەوار و باش دەبێت بە هەستێکی ناوەکیی ڕێزەوە ڕێنمایی بکرێت واتە ئارەزوی شایستەی ڕێزگرتن و ڕق لێبونەوە لە شەرمەزاری، لۆک پێیوایە کاتێک منداڵ لە بەهای سەروەری تێگەیشت و دەرکی ناوەکی خۆی کرد، ئەوا ڕەفتارێکی ئاکاری دەکات نەک لەبەرئەوەی لە سزا دەترسێت، بەڵکو لەبەرئەوەی بەدوای ڕێزگرتن لە خۆی و ڕێزگرتنی کەسانی دیکەدا دەگەڕێت، ئەم بیرکردنەوە خودیە خۆڕێکخستن دروست دەکات، کە بۆ تاکێکی ئازاد و عەقڵی زۆر پێویستە (ابراهیم: ٢٠٠٠، ٨٩).

لۆک دەیەوێت منداڵان گەشــەبکەن و ببنە پیاوێکی ئەقڵانیی خۆبەڕێوەبەر، ئەو پێیوایە ئەگەر تەنها ئەوە فێری منداڵان بکەیت ڕەفتارێکی ئاکاری بکەن، چونکە ترسـیان لە سزا هەیە یان پاداشــتیان دەوێت، ئەوا لە ڕاســتیدا نابنە کەسـێکی ئاکاری، بەڵکو ئەوان تەنها گوێڕایەڵن، لە بەرامبەردا ســەروەری لە ناوخوددا کاردەکات، کاتێک مرۆڤ گرنگی بە ناوبانگ و ڕێزگرتنی خۆی و ڕێزگرتنی کەسانی دیکە دەدات، دەستدەکات بە ناوەکیکردنی پێوەرە ئاکارییەکان (عبدالدایم: ١٩٧٣، ٣٦٢).

**ج- قەدەغەکردنی سزای جەســتەیی:** لۆک پێیوایە تا دەتوانرێت سزای جەســتەیی دوربخرێتەوە، چونکە لە دارشــتنی کەســایەتی منداڵدا بێکاریگەرە. تەنانەت ئەگەر سزای جەســتەیی زیانێکی جەســتەیی ئاشــکرای نەبێت، بە دڵنیاییەوە کاریگەری لاوەکی دەرونی لەســەر تەندروســتی منداڵ دەبێت، ئەمەش لە بەرژەوەندی ئەودا نییە و ئەنجامەکانی لە مەودای کورتخایەن یان درێژخایەندا دەردەکەون. ئەم جۆرە لە پەروەردەکردنی توندوتیژانە تەنها ڕق لێبونەوە و نەمانی متمانەی منداڵ بە خۆی و دەوروبەری دروستدەکات، ئەمەش وای لێدەکات نەتوانێت بەشێوەیەکی سروشتی مامەڵە بکات، بەو پێیەی بەدیلی ترسەکانی لە دایک و باوکی و کۆمەڵگادا دەمێنێتەوە ئەمەش دەبێتە هۆی سەرکوتکردنی توانا و لێهاتوییەکانی، کە لە ناوەوەی خۆیدا بە قوڵی دەمێنێتەوە، وناتوانێت گوزارشتیان لێبکات (ڕەزا: ٢٠١٠، ١٥٣).

پەروەردەکردنی دروست پەیوەندی بە سزای جەستەییەوە نییە، چونکە بێتاوانی منداڵان ناپارێزێت، بەڵکو دەیکوژێت و ئازادییان ســەرکوت دەکات و هانیانادات بۆ دەربڕینی ئەوەی کە لە خۆیاندا ڕەســەن و سروشــتییە. منداڵێک خوی بە بەرکەوتنی توندوتیژی جەستەیی لە دەوروبەرەکەیەوە گرتوە، خۆکارانە پەروەردە دەکرێت بۆ ئەوەی پەنا بۆ چارەسەرەکان ببات کە دورە لە بنەماکانی ڕاستگۆیی و دەستپاکی و ئارامگرتن کاتێک ڕوبەڕوی کێشـەیەک دەبێتەوە. چونکە هەمیشـە بەدەست ترسێکی ناوەکییەوە دەناڵێنێت لە گێڕانەوەی ڕاستییەکان، هەرچەندە هەندێکجار ئاسایی و سروشتییە، بەڵام دەبێت منداڵ لە تەمەنێکی بچوکەوە فێری ئەوە بێت فەرمانی دایک و باوک و مامۆستاکانی قبوڵ بکات بەبێ ئەوەی پەنا بۆ لێدان وەک چارەسەرێک ببات (Locke: 1830, 257).

لۆک سزای جەســتەیی وەک ئامرازێکی مل کەچکەر دادەنێت سروشـــتی منداڵەکە ملکەچ دەکات، لۆک هۆشـــداری دەدات لە کردنی منداڵان بە "کۆیلە" بە سزای جەستەیی، زۆرجار واتە: جۆرێک لە ڕێکخستنی کۆیلەیی، تورەیی کۆیلەیی دروســت دەکات، لێرەدا لۆک هێڵێکی ڕون دەکێشــێت،کە سزای جەســتەیی کۆیلایەتی بەرهەمدێنیت نەک ئازادی و پێچەوانەی دروستکردنی مرۆڤێکی فەزیلەتدار، هەروەها جەختی لەوە کردەوە ئەو سزا توندانەی لە قوتابخانە کۆنەکاندا بەکاردەهێنرێن، نەک هەر بێبەرهەمن بەڵکو مەترســیدارن، چونکە پاڵنانی منداڵەکە بۆ ئەوەی ڕقی لەو شــتە بێت کە پێویســتە خۆشی بوێت (بشــار: ٢٠١٥، ٧٥-٧٨)، پێیوابو توندوتیژی لەڕادەبەدەر و سزای جەســتەیی لە مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵان، زیانێکی زۆر بە پەروەردەکردنی ئەم منداڵانە دەگەیەنێت، کە سزای توندیان بەســەردا ســەپێنراوە وە ڕێنمایی لەسـەر بنەمای شـێوازی هەڕەشـە و زۆرەملێ دەکات،کە بەدەگمەن پیاوی بەهێز و باڵا دروست دەکات، وەک چۆن پەروەردەی ڕاستەقینە پێکدێت لە ئازادکردنی تواناکانی دەرون و داهێنەری بیرکردنەوە و پێدانی دەرفەت بە منداڵ بۆ دەربڕینی خۆی بەبێ فشار و زۆرەملێ لەلایەن مامۆستا یان پەروەردەکارەوە، ئێمە دەبینین سەرنجی لەسەر لایەنەکانی گرنگی فەزیلەتەکانی ئاکاری و کۆمەڵایەتی لە دەرونی منداڵدا دەدات لە شـێوازگەلێک کە لە سـەرەتای پەروەردەکردنییە وە کاریگەرن، مرۆڤی فێربو دەبێت خاوەنی ســیفەتی بەرزبێت و بە فەزیلەتەکانی شــایســتەی ســتایش بن وەک بوێری، سوارچاکی و خۆبەدەستەوەدان بێت بۆ خوی باش (عباس: ١٩٩٦، ١٣٣).

**٢-پەروەردەی جەستەیی:** عەقڵی تەندروست لە جەستەیەکی تەندروستدایە، وتەیەکی کورتە، بەڵام تەواوە بۆ ژیانێکی بەختەوەر لەم جیهانەدا، ئەوەی ئەمەی هەبێت، هەمو ئەو بەختەوەرییەی هەیە کە دەتوانرێت ئاواتی بۆ بخوازێت لۆک لەبارەی پەروەردەی جەستەیەوە دەڵێت کەسێک لەباری لەشساغی و ئاوەزەوە ساغە لەم جیهانەدا پێویستییەکانی کەمترن، بەڵام ئەو کەسەی لەو دو نیعمەتە بێ بەشە لەگەڵ کەسانێک کە لەهەمو شت بێبەشن جیاوازیەکی ئەوتۆی نییە، بەگوتەی ئەو بیرمەندەی بواری پەروەردە، ژیان و جموجۆڵ لە هەوای ئازاددا، وەرزش و حەســانەوە و خەوتنی تەواو ڕەچاوکردنی ســادەیی لە خواردندا، دورکەوتنەوە لەمەی خواردنەوە، خۆپاراســتن لە پۆشــینی جلوبەرگی گەرم و تەنگ، فێنک ڕاگرتنی دەست ولاق، بۆساغیی و سەلامەتی، ئەوپەڕی گرنگیان هەیە (فاخر:١٩٨٤، ١٣٦). جۆن لۆک لە کتێبەکەیی چەندین بابەتی بۆ پەروەردەی جەســتەیی تەرخانکردوە، داوای کردوە جلوبەرگی منداڵان ســوک بێت، جێگەی نوســتنیان زبر بێت، خواردنەکانیان ســادەبێت و بخرێنە بەر هەوای پاک و گەرمی خۆر خویان بە بەرگەگرتنی ســەختییەکانەوە دەگرن، بەتایبەتی ئاماژەی بەوەدا منداڵان دەبێت خویان بە خۆشــشــتن بە ئاوی ســارد بگرن تا جەســتەیان بەشــێداری بمێنێتەوە، بەهۆی ئەزمونی لە بواری پزیشــکیدا زانیارییەکی تایبەتی لەبارەی پەروەردەی جەســتەیی هەبوە، دەتواندرێت بیرۆکەکانی لەوقســەی خۆیدا کورتبکەینەوە، هەموی دەگەڕێتەوە بۆ چەند یاســایەکی ئاسان بەچەندین ماددە، وەرزشکردن، خەو، خواردنی سادە، دور لە کحول و خواردنەوە، کەمێک یان هیچ دەرمانێک، جلوبەرگێک نەزۆر توندبێت و نە زۆر گەرم بێت، لە کۆتایشدا بەتایبەتی هێشتنەوەی سەروقاچەکان لە ئاوی سارد و زۆرجار نوقمکردنی پێیەکان لە ئاوی سارد (عبدالدایم: ١٩٧٣، ٣٥٩).

هەروەها لۆک پێیوایە پێویســتە جەســتە پەروەردە بکرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ هەمو شــتێک ڕابێت، وەک ســەبر و نەرمونیانی و ئەمەش تەنها لە ڕێگەی وەرزشــەوە دێتە ئاراوە، کە نوێنەرایەتی پەروەردە دەکات بۆ ئیرادەکردنی جوڵەی جەســتەیی و خوێنــدنی کرداری و ڕاهێنــانی گروپی، هەر لە تەمەنێکی بچوکەوە یــارمەتی منــداڵ دەدات بۆ ئەوەی ســەبربگرێت و بەرگەی ســەختی بگرێت، هەروەها دەرونی بەرپرســیارێتی و نەرمی و زیندویی لە ناویدا بچێنێت لۆک جەختی لەوە کردەوە منداڵان پێویستە زو بخەون زو لەخەوهەڵسن و هەشت کاتژمێر بخەون، سەبارەت بە خواردن لۆک پێش تەمەنی سێ و چوار ساڵی شەکر و شەراب و بەهارات قەدەغە دەکات، بەڵام سەبارەت بە کاتی ژەمەکان، لۆک وای نابینێت پێویستبکات کات دیاریبکرێت، زەرورەتی گرنگیدان بە گەشەکردنی لەش و هێزیان بەتایبەتی لەڕێگەی جوڵەی جەســتەیی و خوێندنی پراکتیکی و یاری جەســتەیی یارمەتی منداڵ دەدات بۆ گەشــەکردنی دروســت و بەدەستهێنانی هاوسەنگی و هێز (مرسی: ١٩٨٦، ٤١٣).

**٣- پەروەردەی عەقڵی:** لۆک لایەنگری جۆرێك ســیســتەمی هزری و عەقڵی (لێهاتویی زەینی) بو، کە بەیارمەتی ئەو مرۆڤ بتوانێت بەڕاستی بگاو بەسەر گیروگرفتەکاندا سەربکەوێ، لۆک فێرخوازانی بۆ ئەنجامدانی ڕاهێنان یان وەرزشی زەینی ڕادەسپارد و گرینگیی زۆری بە بیرکاری دەدا، کە مروڤ دەکەن بە ئینســانی ماقوڵ و مەنتیقی، بێجگە لەم تیۆرانە هێندێك ماددەی خوێندنی دیکە لەلایەن جۆن لۆکەوە بایەخیان پێدەدرا کە بریتیبون لە: جوگرافیا، ئەستێرەناسی، مێژو، واتاکانی دەربڕین، لۆژیک، ئاکار، زانســتە کۆمەڵایەتییەکان (مێهرئارا و زادەگان:٢٠٠٥، ١٠٣-١٠٤). لۆک بەڵگە دەهێنێتەوە ســەبارەت بەئاوەز دەڵێت ســەرجەم ئەو مرۆڤانەی دەگەڕێنەوە لای فێری ئەوەدەبن هەموان یەکســان و ئازادن و نابێت کەس ئازار بە ژیان و تەندروســتی و ئازادی و دارای و ئەوانیتر بگەیەنێت (دان: ٢٠١١، ٢٥). لۆک پشــتڕاســتی کردەوە کاتێک منداڵ دەچێتە قوتابخانە، وەک لاپەڕەیەکی بەتاڵ وایە، هیچی تێدا نییە قوتابخانە ئەرکی پڕکردنەوەی لاپەڕەکانی بە ئەزمونی مرۆیی بەجێدەهێنیت (النجیحی: ١٩٦٧، ١٦٢).

پەروەردەی هزری بە گشــتی مامەڵە لەگەڵ پرۆســەی بیرکردنەوەی جۆراوجۆر دەکات کە بریتین لە تێگەیشــتن، سەرنجدان، لەبیرکردن، بیرهێنانەوە، خەیاڵکردن، گشتاندن، شیکردنەوە، کۆکردنەوە، حوکمدان، داهێنان... کاردەکات بۆ ئاراستەکردنی گەشەی ئەم پرۆسانە و پەرەپێدانی توانا دەرونییەکانی وەک زیرەکی بەگەیشتن بەو ئەرکانە تاک توانای پراکتیزەکردنی ئەرکەکانی بیرکردنەوە و تەواوکردنی کارەکانی زیاتر دەبێت (عیسی: ١٩٩٨، ١٧). لۆک پێیوایە گەیشتن بەو ئەرکانە لە ڕێگەی پەروەردەی هزری و ڕاهێنانەوە بەدیدێت لۆک لە زۆر بابەتی پەیوەست بە بابەتەکانی وانەکاندا لەگەڵ ڕیالیستە هەستیارەکاندا هاوڕایە، بەڵام هەمیشە پێداگری لەسەر ڕوانگەی ڕاهێنانی خۆی دەکات دەڵێت: فێربون پلەی دوەمە لە دوای فەزیلەتەکان، ئەو پێیوایە پەروەردەی هزری ســـنوردارە بە پێکهێنانی خوی هزری لە ڕێگەی وەرزش و دیسیپلینەوە، ئەو پێیوایە بیرکاری باشترین شتە بۆ ئەم مەبەستە کەڵکی لێوەربگیرێت، هەربۆیە پێویستە بیرکاری بدرێتە هەمو ئەوکەســانەی کە کاتی پێویســتیان هەیە، بەڵام دەرفەتیان بۆ نەڕەخســاوە، پاشــان دەڵێت: نەک بە مەبەســتی ئەوەی بیانکاتە ماتماتیکزان، ئەوەندەی کە بیانکاتە بونەوەرێکی عەقڵی. درێژە بە بۆچونەکەی دەدات و دەڵێت ئێمە خۆمان ناودەبەین ئەقڵانی، چونکە ئەگەر بمانەوێت دەتوانین ببین، وەرزشــکردن پێویســـتە بۆ ئەوەی بتوانین بگەینە کوالیتی عەقڵی. لێکۆڵینەوە لە بیرکاری یارمەتیدەرە لە پێکهێنـانی خوی بەڵگەهێنـانەوەیی ئەقڵانیی، نەک لەبەر ئەو باوەڕەی مرۆڤەکان دەبێ هەمویان ببنە ماتماتیکزان، بەڵکو بەهۆی ئەو باوەڕەی کە دەتوانن، دوای بەدەســـتهێنانی توانای بەڵگەهێنانەوەی دروست ئەم توانایە بگوازنەوە بۆ لقەکانی تری زانین (عەقیل: ١٩٨٩، ١٣٧).

لۆک هەستەکانی زیاتر لا پەسند بو، بەو پێیەی پێیوایە مرۆڤ بە لاپەڕەیەکی سپییەوە لە مێشکیدا لەدایکدەبێت، یان هەمو ئەو شــتانەی دەروازەی زانینی مێشــکی دروســتی دەکات لە ڕێگەی هەســتەکانەوە ســەرچاوەدەگرن، هەروەها پشــتبەســتن بە هەســتەکان لە دەرهێنانی ڕاســتییەکان لە ڕێگەی شــێوازی هەڵهێنجانەوە لەســەر بنەمای چاودێری و ئەزمون، ئەو دوپاتیکردەوە حەز و ئارەزوی منداڵ بۆ فێربون دەکەوێتە بازنەی بەرپرسیارێتی باوک بۆ چاکەی منداڵەکان، جگە لە خۆی هیچ کەســێک ناتوانێت گرنگی بەو نهێنییانە بدات، هەربۆیە مافی ئەوەی هەیە فەرمان بە منداڵەکانی دەربکات و کاروبارەکانیان ئاراســتەبکات، دەبینین لۆک جەخت لەســـەر بەرپرســـیارێتی دایک و باوک دەکاتەوە بە دابینکردنی ئەو ئامراز و پێداویستیانەی کە یارمەتی منداڵەکە دەدەن بۆ فێربون (لۆک: ١٩٥٩، ٦٠). لۆک لە زۆر بابەتی لێکۆڵینەوەدا لەگەڵ ڕیالیســتە ئەقڵانییەکاندا هاوڕایە، بەڵام هەمیشــە پێداگری لەســەر تیۆری بنەماکان دەکات، ئەو دەڵێت: کاری پەروەردە بۆ ئەوە نییە منداڵ بتوانێت زاڵ بێت بەسەر زانستێکی دیاریکراودا، بەڵکو ئەوەیە عەقڵی بکاتەوە بۆ ئەوکارەی وای لێدەکات ئامادەیبکات کاتێک پێویستی خۆی دەبینێت، زاڵ بێت بەسەر هەر زانستێکدا، بۆیەکاری پەروەردە بۆ زیادکردنی هێزوکاریگەری دەرونە نەک فراوانکردنی ناوەڕۆکەکەی (فاخر: ١٩٨٤، ١٣٧).

## باسی دوەم: پەیوەندی پەروەردە و هزر لای جۆن لۆک

ئەگەر بچینە ســـەر بیرۆکە پەروەردەییەکانی لۆک پەیوەنـدییـان بە چەمکی پەروەردە و ئـامـانجەکان و مەنهەج و میتۆدەکانیەوە هەیە، هەروەها بیرۆکە فەلسەفی و دەرونی و سیاسییەکانی، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت لەگەڵ بنەماکانیدا زیاتر لەگەڵ سروشــتی پەروەردەیی یەکدەگرێتەوە (تومي: ٢٠١١، ١٣٥). لە بیرۆکەکانیدا بۆمان دەردەکەوێت چۆن لەگەڵ بنەماکانی ڕیالیزمدا یەکدەگرێتەوە، چۆن لەگەڵ بنەماکانی سروشـــت گەراییدا هاوڕایە، پەروەردە ئامانجی پەرەپێدانی کەسێکی ئازادە بەپلەی یەکەم خەمی هونەر، ئەدەب، ڕەفتاری هەبێت بۆ ئامانجی بەرهەمهێنانی کەسایەتی بەرز یا کامڵ، بۆ ئەم مەبەستە بەرزە لۆک پرۆسەیەکی پەروەردەیی مرۆیی دامەزراند کە بەهای زانستی هەبو، سەرەڕای

دێرینیی و زۆری تیۆرییە مۆدێرنەکان (الکندري: ٢٠١٩، ١٧٩). لۆک لە ساڵی ١٦٩٣دا لە کتێبی ( Opinions on Education) بۆچونە پەروەردەییە پڕاکتیکییەکانی خۆی خستەڕو، کە کۆمەڵێک نامەیە لە ماوەی مانەوەی لە هۆڵەندا بۆ هاوڕێکەی کلارک ناردبوی لەگەڵ زیادکردنی زنجیرەیەک نامە پێشتر بۆ هاوڕێکەی نوسیبوی و داوای ئامۆژگاری لێکردبو سەبارەت بە چۆنیەتی پەروەردەکردنی کوڕە گەنجەکەی (عباس: ١٩٩٦، ١٣١).

ئێمە بە کورتی بۆچونەکانی لەبارەی پەروەردە و چۆنیەتی بەستنەوەی بە فەلسەفەوە دەخەینەڕو، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی تیۆری پەروەردەیی لۆک زۆر بابەتی گەورەی فەلسەفی دەگرێتەوە، وەک پەیوەندی نێوان بیرۆکە و ئەزمونەکانی مرۆڤ و ئامانجەکانیان، چۆن وشەکان و ماناکانیان بەدەستدەهێنین، میکانیزمەکانی تێگەیشتن و چۆنیەتی بەدەستهێنان و ڕاگرتنی وشەکان و ماناکانیان، میکانیزمەکانی تێگەیشتنی هەستیاری لە فێربونی مرۆڤ و منداڵدا (الکندري: ٢٠١٩، ١٧٩). دەرفەتی ڕەخساند بۆ ئەوەی بیرۆکە پەروەردەییەکانی خۆی لە هەندێک لە وانە تایبەتەکاندا بەکاربهێنێت، لەو خێزانانەی سەردانیان دەکرد دەرفەتی ئەوەی هەبو لە نزیکەوە چاودێری منداڵەکان بکات، هەروەها سود لە لێکۆڵینەوەی ورد و بەدواداچونیان بۆ گەشەسەندنی دەرونیان وەربگرێت، کتێبەکە سەرنجی زۆری ڕاکێشا لە ماوەی ژیانی جۆن لۆکدا لە چاپ دەرچو و تا ئێستاش یەکێکە لە کتێبە پەروەردەییە گەورەکان پوختەیەک لە بیرۆکە و پێشنیارەکانی پەروەردەیی لەخۆدەگرێت بۆ پەروەردەکردنی منداڵان و گەنجان بەپێی شێواز و ڕێبازی نوێی پراکتیکی لەگەڵ ڕوانینەکانی بگونجێت بۆ ئەوەی بتوانن لە کاتی گەورەبونیاندا ڕوبەڕوی ژیانیان ببنەوە (رایت:٢٠١٠، ١٧٩-١٨٩).

**یەکەم: شێوازەکانی خوێندن:** جۆن لۆک ڕەخنەی توندی لەو مەنهەج و میتۆدانە گرت، کە لە قوتابخانەکانی ڕێزمانی سەردەمی خۆیدا لە قوتابخانە ئینگلیزییەکانی ئەو سەردەمەدا بە گشتی باو بون، هەروەها ڕەخنەی گرت لە پەروەردەی مرۆڤ دۆستانە و ئەو بەرنامانەی تێیدا پەیڕەودەکران، لۆک جەختی لەسەر ڕۆڵی دروستبونی خو لە پەروەردەدا کردەوە، پێیوابو، کە دوبارە ئاشکراکردن و پراکتیزەکردن بۆ پەرەپێدانی فەزیلەتە ئاکاری و هزرییەکان زۆر گرنگە، بەم شێوەیە ئەو شێوازانەی فێربون، کە ڕۆتینی بەردەوام و بنەمای ئاکاری بنیات دەنێن بەباشتر بون بەسەر ئەو شێوازانەی جەختیان لەسەر توندوتیژی یان سزا دەکردەوە (تومي:٢٠١١، ١٣١- ١٣٦). بە توندی دژی فێرکردنی زمانی یۆنانی بو لە قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندییەکان، فەلسەفەی ڕیالیزمی لۆک لەسەر بابەتەکانی ئەکادیمی بو لەگەڵ ئایدیالیستەکاندا هاوڕا بو لەسەر ئەم بابەتە، بەڵام لەگەڵیان جیاوازی هەبو لەسەر حەزکردنیان بۆشێوازی تاقیکردنەوەکان یا خود ئەزمونەکان و ڕاهێنان بۆ ئەوەی دەرفەتی خوێندنی تیۆری بگوازینەوە و دەرفەتی خوێندنی زانستی و کارپێکراو فراوان بکەین، دیاردە سروشتییەکان گرنگترین بابەتی لێکۆڵینەوەن، بەپێچەوانەی توێژینەوەی ئەدەبی، بەهاکەیان بە بەراورد لەگەڵ زانستە سروشتییەکان کەم بایەخە، هەرچەندە زمانی لاتینی لە پرۆگرامەکانی هەرزەکاراندا هێشتەوە (بشار: ٢٠١٥، ٧٩). جۆن لۆک گرنگییەکی تایبەتی بە چەند جۆرێک توێژینەوە لەم بوارەدا داوە، لەوانە:

**أ- توێژینەوە سەرنجڕاکێشەکان:** توندی پەروەردە و شێوازە ماندوکەرەکان ئەو شێوازە ماندوکردنەی مامۆستا وەک کەسێکی ترسناک و کەم میهرەبانی بۆ قوتابیەکانی دەردەکەوێت، لۆک پێیوایە ئەو شێوازانەی منداڵ لە توێژینەوە بێ ئەنجام وبێ ئەنجامەکاندا سەرقاڵ دەکات بێ ئەدەبیە، توێژینەوە دەبێت سەرنجڕاکێش بێت بەجۆرێک، کە ئارەزوی فێرخواز بوروژێنێت نەک وای لێبکات هەست بکات ئەرکێکی قورسە، نابێت منداڵان ناچاربکرێن لە ڕێگەی توندوتیژی یان تۆقاندنەوە بخوێنن، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی ڕق لێبونەوەیان لە فێربون، کاتێک فێربونی کاریگەر ڕودەدات،

منداڵان بەشـداربوی چالاک بن و تەنها وەرگری زانیاری نەبن، لۆک لەبری سزا، پێیوایە هاندان و سـتایشـکردن، وا لە منداڵان دەکات خۆشیان بوێت و چێژ لە فێربون وەربگرن، نمونەی "توێژینەوە سەرنجڕاکێشەکان"ی لۆک:

- فێرکردنی زمانەکان لە ڕێگەی گفتوگۆوە نەک ڕێزمانی و تیۆری.
- فێربونی ژمێریاری لە ڕێگەی بەکارهێنانی پراکتیکی وەک کڕین و فرۆشتن.
- لێکۆڵینەوە لە سروشت لە ڕێگەی چاودێری و تاقیکردنەوە نەک دەرخکردن (عبدالدایم: ١٩٧٣، ٣٦٦).

لۆک بە تایبەتی پێشـنیاری بەکارهێنانی شـێوازەکانی وروژاندن دەکات لە خوێندنەوە لە یەکەم ئەرکەکاندا، کە منداڵ لە منداڵیدا ئەنجامی دەدات و پێیوایە پێویستە فێری خوێندنەوە بکرێت بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی تێدا زیادبکرێت جگە لە ئامۆژگاری. پێویسـتە ڕێگەی پێبدەین چێژ لە هەمو ئەمانە وەربگرێت، ڕێز لە باری دەرونی و سـەلیقەی کەسـێی خۆی بگرێت (بشـار: ٢٠١٥، ٨٠). چێژ تەنها کاتێک ڕودەدات، کە مەیلێکی سروشـتی هەبێت ئێمە پەرەیپێدەدەین، یان چـالاکییەکی زگمـاکی، تەنهـا کـاتێـک بەردەسـتـدەبێـت ئەو هەوڵانەی لە منـداڵەکە داوای دەکەین لەگەڵ ئـارەزوە سروشـتییەکانی و مەیلە زگماکیەکانیدا بگونجێت، بەم شـێوەیە لۆک پێش سـبنسـەر و ئەوانی دیکە بە ڕونی تێگەیشـتبو چۆن پەروەردە دەبێ لەسـەر بنەمای زانیارییەکی ورد و لەسـەر پێداویسـتییەکانی منداڵ بنیادبنرێت (عبدالدایم: ١٩٧٣، ٣٦٧).

**ب- وەرگرتنی زانیاری:** مەبەسـتی ئەوەیە سـەرجەم زانین لە ئەزمونەوە وەرگیراوە، هەروەها چەمکەکانمان لە دو سـەرچاوە وەرگیراون یەکەم: هەسـتکردنی دەرەکی وەک ئەوەی من هەسـت بەتام و ڕەنگ و قەبارەی شـتەکان دەکەم، دوەم: درکپێکردن وەک ئەوەی من چەمکێکی گشـتی بخەمە پاڵ ئەو چۆنیەتیانەی هەستمپێکردون دەربارەی شـتەکان بەمە دەوترێ "هەسـتکردنی نـاخەکی" " بیرکردنەوە" لێرەدا ئەوە ئـاشـکرایە، ئێمە بەبێ بونی بیرۆکەکـان نـاتوانین بیربکەینەوە، هەروەهـا بیرۆکەکـان لە ئەزمونەوە سـەرچـاوەدەگرن، کەواتە هیچ شـتێك نییە پێشـتر بەئەزمونـدا تێنەپەڕیبێت، لە ڕوانگەی لۆك و ئەزمونگەراکانەوە مەیدانی زانین جیهانی ڕیالیزمیە، بە واتای ئەو جیهانەی شـیاوی ئەزمون و هەسـتکردن بێت بریتییە لە جیهانی بینراو، ئەم جیهانە سـەربەخۆ و لە دەرەوەی زەینی مرۆڤەوە بونی هەیە لەبەرئەوە بەبۆچونی "برتراند رسـل" سێ جۆر زانینمان هەیە لەوانە: یەکەم: زانینمان بەبونی خۆمان بریتییە لە زانینێکی حەدسی-سـوسـەیی و ڕاسـتەخۆ، دوەم: زانینمان بەبونی خودا بریتییە لە زانینێکی بورهانی سـەلمێنرا و، سـێیەم: زانینمان بەو شـتانە کە بۆ هەسـتەکان هەن ئەمەیش زانینی هەسـتیە، لەبەرئەوە ئەزمون لای جۆن لۆك بریتییە لە ئەزمونی هەسـتی، کە زانیارییەکان لەسـەر ئەقڵ تۆماردەکات، بەڵام بیرکردنەوە ئەرکی بەسـتنەوەی هەسـتەکانە بەیەکەوە و دروستکردنی بیرۆکە دەربارە یان (جەباری: ٢٠٢٢، ١٣٣-١٣٤).

**ج- فێربونی پیشـە:** لۆک خۆی بانگەشەی بۆ ڕاهێنانی پیشـەیی نەدەکرد، بەڵام بەهای لێهاتویی دەستی کاری جەستەیی وەک بەشێک لە پەروەردەیەکی باش دادەنا، ئەو پێیوابو منداڵان دەبێ فێربکرێن خۆڕاگربن بەرگەی ناڕەحەتی جەستەیی بگرن و ئەرکە سـەرەتایی و دەسـتییەکان ئەنجام بدەن بۆ بنیاتنانی کارەکتەری سـەربەخۆیی خۆیان، بۆ نمونە پێشـنیاری ئەوە دەکات منداڵان فێری وێنەکێشـان و پێوانەکردن بکرێن، کە لە بەکارهێنانی پراکتیکی و ئەندازیاری و تەلارسـازی و ڕوپێویدا پێویست بوە.

لۆک دان بە گرنگی کارامەیی پراکتیکیدا دەنێت و تەنانەت پێشـنیاری ئەوە دەکات گەنجان پیشـەیەکی دەسـتی فێربن، ئەودەڵێت بەشداریکردن لە کاری جەستەیی نەک تەنها ئاسایشی ئابوری دابیندەکات، بەڵکو خۆڕێکخستن و خۆبژێویش بەدیدێنێت، باس لەوە دەکات تەنانەت دەوڵەمەندەکانیش پیشـەیەک بزانن، بەو پێیەی سـەربەخۆییان پێدەبەخشێت

و ڕێگری لە بێکاری دەکات، بۆ هەندێکی تر فێربونی پیشەیی لەگەڵ پێداویستییە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانیان هاوتەریبە، جەخت لەســـەر فێرکاری و ڕاهێنانی پراکتیکی دەکاتەوە لەبری فێرکاری تەنیا ئەکادیمی یا تیۆری، بەگوێرەی تیۆری تابولا ڕاسا (ئەو بیرۆکەیەی کە ئاوەز بە ئەزمون لە قاڵب دەدرێت)، لۆک بانگەشە بۆ فێربونی ئەزمونی دەکات، ئەو پێشنیاری ئەوە دەکات زانین دەبێت لە پەیوەندی ڕاســـتەوخۆ لەگەڵ جیهاندا بێت، چ لە بواری بازرگانیدا بێت، چ لە بواری کشتوکاڵدا بێت، یان لە بواری پیشەسازیدا (بشار: ٢٠١٥، ٨٢). لۆک ژیانی عەقڵی بەیەکسان دادەنێت لەنێوان ڕەنج و ئازار، ئەو ڕەنجەی کە دەبێتە ســـاڕێژکردنی ڕەنج و ئازارێکی دیکە کارە، کار بەواتای ڕەتکردنەوەی سروشـــتە، نەفیکردنی سروشــت دەبێتە هۆی شــادی، چونکە بارودۆخی سروشــتی جیا لە بارودۆخی داماو شــتێکی دیکە نییە، بزاوتن بۆ لای خۆشی جێبەجێکردن و پراکتیککردنی ئازادیە (پۆلادی: ٢٠٠٧، ١٤٩).

## دووەم: بیرۆکەکانی لۆک لەسەر شێوازەکانی خوێندن

لە میتۆدی لۆکدا، زۆرێک لە بیرۆکەکانی لەگەڵ مەیلی بنیانەردا هاوڕان، وەک چۆن لە زۆر شوێن لە نامەکانیدا دەیبینین پێشـــنیاری ڕاهێنان و بەکارهێنانی بەردەوامی تواناو هێزە دەرونییە هزرییەکان و ئاکاری و جەســـتەییەکان دەکات، ئەو پێیوایە بۆ ئەوەی کاریگەری ئەم ڕاهێنانە لەو بوارەوە بگوازرێتەوە، کە ڕاهێنانەکەی تێدا ئەنجامدراوە بۆ بوارەکانی تر دەبێت پرۆســـەی ڕاهێنان دوبارەبکرێتەوە و لە بوار و هەلومەرجی جیاوازدا ئەنجام بدرێت، پێشـــنیاری ئەوە دەکات پەیوەندی مامۆستا لەگەڵ خوێندکارەکەی پەیوەندی هاوڕێیەتی و خۆشـەویسـتی بێت، دور لە توندوتیژی و پەنابردن بۆ سزای جەستەیی، هەروەها پێشنیاری ئەوە دەکات لە مامەڵەکردندا پتەو بێت و دەستخۆشی و خەڵات نەبەخشێتە خوێندکارەکە، چونکە بە بۆچونی ئەو ئەوانە لە سزاکان کەمتر نین (بشـــار: ٢٠١٥، ٨٢). لەو بارەیەوە جۆن لۆک لە نامەکەیدا دەڵێت: ڕێگای تێگەیشـتن ئەوەیە کە هێزەکانی دەرونی تەنها باشـتر دەبن و پەرەیانپێدەدرێت و نیشـاندەدرێن بە هەمان شـێوەی جەسـتە گەشـەدەکات، کە سـودیان هەیە بۆ ئێمە بۆیە ئەگەر دەتەوێت منداڵەکەت لە نوسـین، نیگارکێشـان، یان سـەماکردندا یان یاریکردن بە شـمشـێر، باش بێت، هەوڵبدە پێش هەمو شـتێک پڕ بێت لە وزە و چالاکیی، بەڵام منداڵەکە ناگاتە ئەم شـــتە تەنها لە ڕێگەی خوگرتن و بەســـەربردنی کاتێکی زۆر نەبێت لە ڕاهێناندا، هەوڵدان لە ڕاهێنانی دەســـتی و باقی ئەندامەکانی بۆ ئەنجامدانی ئەم جوڵەیە بۆ ئاوەز وەک یەکە، ئەو لە ڕونکردنەوەی گرنگی خوی ئاکاریدا، ئەمانەی خوارەوە دەڵێت: "گرنگترین شـت دروسـتکردنی خوەکانە، هەروەها سـەبارەت بە گرنگی بیرکردنەوە دەڵێت عادەتەکان بە ئاسانی و بەردەوام تر لە بیرکردنەوە وەردەگیرێن، کاتێک زۆرترین پێویستیمان پێیدەبێت بەدەگمەن ڕاوێژی پێدەکەین و بە دەگمەنیش گوێڕایەڵی دەکرێت (تومی:٢٠١١، ١٤٤).لە ڕوانگەی ئەوەوە ئەو خوە باشـانەی خوێندکار لە خوێندنی هەر بابەتێکدا بەدەسـتی دەهێنێت زۆر گرنگترە لەو زانسـتەی لەم خوێندنەوە بەدەسـتی دەهێنێت.

## ئەنجام

- جۆن لۆک وەک بنیاتنەری فەلسـەفەی پەروەردەیی نوێ، پەیوەندی دیالێکتیکی لە نێوان پەروەردە و ئەزمونی مرۆڤیدا دامەزراند، پەروەردەکردنی منداڵ لەســـەر پرەینســـیپی قەدەغەکردن دامەزراوە، کە جەخت لەســـەر پراکتیکی نمونەیی دەکاتەوە نەک تەنها چوار چێوەیەکی تیۆری.
- لۆک پەروەردەی کرداری ئاکاری لەســـەر پەروەردەی عەقلی دادەنێت، بەم مەبەســـتەی کە پەروەردە ســـەرنج لە گەشـەسـەندنی سـیسـتەمی بەها بێت، پەروەردە وەک پرۆژەیەکی گشـتگیر تەماشـا دەکرێت، کە ئامانجی بنیاتنان و پەرەپێدانی تاکێک کە توانای بڕیارگرتنی سەربەخۆی هەیە و بەرپرسیارە.

- لۆک هۆکارە دەرەکییەکان کە کاریگەری ڕاســتەوخۆیان لەســەر پەروەردەی ئەخلاق و پەروەردەی عەقڵی دادەنێت، بەم مەبەستەی، کە پەروەردە سەرنجی لەسەر گەشەسەندنی سیستەمی بەها بێت. پەروەردە وەک پرۆژەیەک تەماشا دەکرێت کە ئامانجی بنیاتنانی تاکێک کە هەردو تایبەتمەندی ئازادی و بەرپرسیارێتی و سەربەخۆیی تێدا کۆببنەوە.

- **ب**یرۆکە پەروەردەییەکانی لۆک کاریگەری ڕاستەوخۆیان لە پەرەسەندنی فکری پەروەردەیی ڕۆژئاوا هەبو، بەتایبەتی لە ســەدەی هەژدەهەمدا. هەوڵی ئەوەی دا پیشــاندانی بدات چۆن هزرەکانی بەشــدارییان کردوە لە گۆڕینی پەروەردەی لایەنگری بۆ پەروەردەیەکی مرۆڤ دۆستی و ڕاستی.

- پەروەردەی لۆک لە ژێر کاریگەری ســیاســییەوە شــێوەی گرتوە بەهۆی پەیوەندی قوڵ و تەواو لە نێوان ئازادی و پەروەردەدا. پەروەردە لە بوارێکی تەسک و فێرکردنەوە دەرچوە بۆ ئەوەی ببێتە ئامرازێک بۆ گۆڕانی کۆمەڵگا و کەلتور بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی عەقڵانی و هاوسەنگ.

- لۆک پەروەردەی وەک پرۆســەیەکی بەردەوام و گفتوگۆکارانە پێناســەکرد، کەلە تەواوی ژیانی مرۆڤدا بەردەوام دەمێنێتەوە، گرنگی تایبەت بە پەروەردەی جەســتەیی دەدات بەو هۆیەی کە یارمەتی تاکەکان دەدات توانای بەرگەگرتن بەرامبەر بە سەختییەکان بەدەستبهێنن.

## لیستی سەرچاوەکان


ئالانی، عزیز، (٢٠٢١) فەلسەفەی پەروەردە، چاپی دوەم، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر.

جەباری، حەسەن حسێن، (٢٠٢٢) دەروازەیەک بۆ تیۆری زانین، زانین لە نێوان فەلسەفەوئایندا، چاپی یەکەم.

دان، جان.ام، (٢٠١١) سەردەمی ڕۆشنگەری، و: جەهانگیر غەفاری، چاپی دوەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

ڕەزا، عومەر محمد ئەمین، (٢٠١٠) ڕۆڵی پەیمانی کۆمەڵایەتی لە ڕەوایەتی بەخشین بە دەسەڵاتی سیاسی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، کەرکوک.

عەزیز، حەمید، (٢٠١١) فەلسەفەی نوی لە ئەوروپا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

کۆمەڵێک نوسەر، (٢٠١٧) لێکبوردن خەسڵەتێکی مرۆڤ دۆستانە، و: کۆمەڵێک وەرگێر، چاپی یەکەم، سلێمانی.

مێهر ئارا، عەلی ئەکبەر، زادەگان، محەمەد عەباس (٢٠٠٥) مێژوی پەروەردە و فێرکردن لە ڕۆژگاری کۆنەوە تا ڕێنیســـانس، و: قادر وریا، مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ك).

پۆلادی، کمال، (٢٠٠٧) لە دەوڵەتی دەسەڵاتخوازەوە بۆ دەوڵەتی ئاوەز، و: یوسف خزرچوپان، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

واربرتۆن، نایگل، (٢٠٢٠) کورتەیەک لە مێژوی فەلسەفە، و: سەربەست جیهاد، چاپی یەکەم، کوردستان، هەولێر.

ابراهيم، مصطفى إبراهيم، (٢٠٠٠) الفلسفة الحديثة من ديكارت إلى هيوم، الاسكندرية، دار الوفاء للنشر، مصر.

ابو ريان، محمد علي، (١٩٦٩) تاريخ الفكر الفلسفي، الفلسفة الحديثة، ط١، دار الكتب الجامعية، القاهرة.

التل، سعد، (١٩٩٣) المرجع في مبادئ التربية، مراجعة د. موسى جبريل، عمان، الاردن.

الرشدان، عبد الله زاهي، (١٩٨٤) علم الاجتماع التربوي، دار عمار للنشر والتوزيع، عمان.

الشيباني، عمر محمد التومي، (١٩٧١) تطور النظريات والأفكار التربوية، بيروت.

الكندري، بدر محمد ملك، لطيفة حســين، (٢٠١٩) الوجيز في تطور الفكر التربوي مقاربات فلســفية، مكتبة الفلاح للنشر والتوزيع، الكويت.

النجيحي، محمد لبيب، (١٩٦٧) مقدمة في فلسفة التربية، مكتبة الانجلو المصرية، ط٢، القاهرة.

بشار، مالك سليمان، (٢٠١٥) فلسفة جون لوك وأبعادها التربوية، رسالة ماجستير، جامعة دمشق، كلية التربية.

تومي، عبد القادر، (٢٠١١) أعلام الفلسفة الغربية في العصر الحديث، مؤسسة كنوز الحكمة للنشر والتوزيع، الجزائر.

رايت، وليم كلي، (٢٠١٠) تاريخ الفلسفة الحديثة، تر: محمود سيد أحمد، التنوير للطباعة والنشر، بيروت.

شيحة، عبد المجيد، (٢٠٠٢) عظماء رجال الفكر، مركز المحروسة للبحوث والتدريب والنشر.

عباس، رواية عبد المنعم، (١٩٩٦) جون لوك إمام الفلسفة التجريبية، دار النهضة العربية، بيروت.
عبد الدايم، عبد الله، (١٩٧٣) تاريخ التربية عبر العصور، دار العلم للملايين، ط(١-٣)، بيروت، لبنان.
عقيل، عبد الله بن عقيل، (٢٠٠٦) التربية الإسلامية: مفهومها، خصائصها، مصادرها، أصولها، تطبيقاتها، مكتبة الرشد ناشرون، الرياض.
عيسى، الشماس، (٢٠٠٧) التربية العامة وفلسفة التربية، دمشق، منشورات جامعة دمشق.
فاخر، عاقل، (١٩٨٤) التربية قديمها وحديثها، دار العلم للملايين، ط(١)، بيروت، لبنان.
فاخر، فاخر، (١٩٨٥) التربية قديمها وحديثها، دار العلم للملايين.
لوك، جون، (١٩٥٩) الحكم المدني، تر: ماجد الفخري، اللجنة الدولية لترجمة الروائع، بيروت، لبنان.
محمود، زكي، (١٩٣٦) قصة الفلسفة الحديثة، لجنة التأليف والترجمة والنشر، القاهرة.
مترو، بول، (١٩٤٩) المرجع في تاريخ التربية، ترجمة صالح عبد العزيز، مراجعة حامد عبد القادر، مكتبة النهضة العربية، مصر.
مرسي، أحمد سعد، (١٩٨٦) تطور الفكر التربوي، عالم الكتب، ط(١٠)، بيروت.
يسوني، فؤاد متولي، (٢٠٠٠) الفكر التربوي دراسة مختارات تربوية نفسية منهجية، مركز الإسكندرية للكتاب، مصر.
Locke, john. *some thoughts concerning education*. boston: published by gray and bowen, 1830.
Locke, john. *essay concerning humane understanding*. edited by p.h. nidditch. oxford: clarendon press, 1965, bk1, ch2, sec1.
Locke, J. (1693). Some Thoughts Concerning Education. London: A. and J. Churchill.
Axtell, J. L. (1968). The Educational Writings of John Locke. Cambridge: Cambridge University Press.
Dunn, J. (1984). Locke. Oxford: Oxford University Press.
Tarcov, N. (1984). Locke’s Education for Liberty. Chicago: University of Chicago Press.
Yolton, J. W. (1971). John Locke and Education. New York: Random House.

[1]. جۆن لۆک (John Locke) لە ڕۆژی ٢٩ی ئابی (١٦٣٢)، لە شاری ڕینگتۆن (Wrington)، لە ناوچەی سۆمەرسێت (Somerset)، لە ئینگلتەرا لەدایکبوە، جۆن لۆک یەکێک بو لە فەیلەسوفە بە ناوبانگەکانی سەدەی ١٧ەم، بەیەکێک لە دامەزرێنەرانی لیبرالیزمی کلاسیک ناسراوە، لەکاتێکدا ڕێبازە باو کلاسیکەکانی فەلسەفە خەریکی کردنەوەی گرێ کوێرەکانی بون، مردن، گەردون، لاهوت، ڕەب و ژیانی دوای مردن بون (عزیز: ٢٠١١، ١٨٧). ئەو بە هۆی بیرۆکەکانی دەربارەی مافی مرۆڤ، ئازادی، حکومەتی پەسەندکراو ناسراوە، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر پەرەسەندنی دیموکراسی و فەلسەفەی سیاسی هەبوە، لۆک لە ژینگەیەکی کۆنەپەرستانە و ئایینیدا گەورە بوە، باوکی وەک پارێزەر لە لادێکاندا کاری کردوە و کوڕەکەی بە توندی و بە وریاییەوە پەروەردە کردوە، تا تەمەنی گەورەتر بوە، ڕێگەی نەداوە هاوڕێکانی بناسێت. ویژدانێکی بەئاگابو کەسایەتییەکی هاوسەنگ و یەکگرتو، سەربەخۆبوە لۆک لە نێوان ساڵانی (١٦٤٦-١٦٥٣)ز لە کۆلێژی وێستمینستەر لە لەندەن خوێندویەتی و دواتر لە کۆلێژی مەسیح لە ئۆکسفۆرد لە ساڵی (١٦٥٣ -١٦٥٩) خوێندویەتی، ڕاگری ئەم کۆلێژە لەو کاتەدا جۆن ئۆین بە بەرگرییەکی بەهێزی لە لێبوردەیی ئایینی ناسرابو (ابو ریان: ١٩٦٩، ١٦١)، توانی ڕۆڵێکی دیار لە ژیانی ئینگلیزەکاندا بگێڕێت، یەکەمیان بەهۆی بەهێزی قەڵەمەکەی و کاریگەرییە بەهێزەکانیان لەسەر مرۆڤەکان و دوەمیش بەهۆی چالاکییە گەورەکەی توانای بەرچاوی دەرهێنان و داڕشتنی سیاسەت، کاتێک پیربو و لاواز بو لە تەمەنی پیریدا پەنای بۆ لادێ و گوندی هێمن و جوان بردوە دوایین ساڵانی تێدا بەسەر بردوە، پاشان لە ساڵی (١٧٠٤)، لە تەمەنی حەفتا و سێ ساڵیدا کۆچی دوایی کردوە، هەمو هاوچەرخەکانی گەواهیدەری دڵسۆزی ئەویان بۆ حەقیقەت و خۆبەخشی بۆ ئازادی دەدا، هەروەها لەناو گەلەکەیدا بە میانڕەوی و حیکمەتی خۆی ناسرابو نوسینەکانیشی بەهێز و ڕونی و شێوازی وردی خۆیان جیادەکرانەوە (مەحمود: ١٩٣٦، ١٩٩).